گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 5 2024
ID No. 2101 (PP 151 -167)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.10

توێژینەوە

# بونیاتی ئەدەبی وەسف لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا)

**شیاو رشید ابوبکر/** بەشی سیستەمی زانیاریەکانی کارگێری /پەیمانگای تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە گرنگی و بەهای تەکنیکی وەسف لە بونیاتی ڕۆماندا دەردەخات، کە تیایدا ڕێبازی تیۆری شیکاری پەیرەکراوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی وەسف بە تەکنیکە سەرەکییەکانی ڕۆمان بخاتە ڕوو، لەم ڕۆمانەدا کە بە یەکێک لە ڕۆمانە مێژووییەکان دادەنرێت، کە ڕۆماننووس بۆ دەرخستنی جوانی ، چێژی ڕۆمانەکەی زۆر بەهرەمەندانە تەکنیکی وەسفی بەکارهێناوە بۆ بەدەرخستنی لایەنە شاراوەکانی مێژووی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و زۆر جوان توانیویەتی دڕندەیی حکومەتی عێراق بجوێنێت بە هێرشەکانی مەغۆل بۆ وڵاتی شام ، توێژینەوەکەش لە سێ بەش پێکهاتوە ،بەشی یەکەم لایەنی تیۆری وەسف بە شێوەیەکی گشتی لەچەمک و پێناسین و ئەرک وجۆرەکانی باس کراوە، بەشی دووەم پەیوەندی وەسف بە هەر یەکە لە کەسایەتی و گێرانەوە دەردەخات ، بەشی کۆتایش پەیوەندی وەسف بە شوێن و کات دەخاتە ڕوو .

CORRESPONDENCE
شیاو رشید ابوبکر
Sheyaw.abubaker@epu.edu.iq

وەرگرتن 2024/04/18
پەسندکردن 2024/07/04
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**ووشە سەرەکییەکان:**
وەسف،
گێرانەوە،
وەسفی کەسایەتی،
وەسفی شوێن،
وەسفی کات .

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١- پێشەکی :**

گرنگی و بایەخی وەسفکردن بەر لەوەی لە ئەدەب ئاماژەی پێبدرێت ، لە زمان و گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەرچاو دەکەوێت ، کە بنەمایەکی گرنگی زمانە بە تایبەتی کاتێك لە بوارەکانی فێرکردن و پەروەردە و زانستە جیاوازەکان پەیرەودەکرێت . کاتێکیش باسی کاری ئەدەبی دەکەین (بە هەموو ژانرەکانییەوە) ، دەبێتە بناغەیەکی سەرەکی بونیاتی دەقی ئەدەبی ، یارمەتیدەرێکی زۆرباشی نووسەرە لە لێکدانی بیرۆکە جیاوازەکانی دەقە ئەدەبییەکەی و ڕوونکردنەوەیاندا ، بە تایبەتی لە ڕۆمان دا، توانای ڕۆماننووس لە دەستەواژە و فراوانی فەرهەنگی زمانی دەردەخات ، کە دەچێتە ناو کایە جیاوازەکانی بونیاتی ڕۆمان ، کە وێنەی کەسایەتی دەرەوە و ناوەوە هەڵسووکەوت و گووتار و گفتوگۆی ،هەروا کات و شوێن و ڕووداوەکان وەکو پێویست دەکێشێت.

**١-٢-گرنگی توێژینەوەکە :** سەرەڕای ئەو بایەخە دیارەی کە وەسف دەیگێڕێت لە دەقی ڕۆماندا بە تایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا ، بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوە ئەدەبییەکان دا کەم تا زۆر ، ئەو بایەخەی پێنەدراوە وەکو پێویست ، بەڵکو لە زۆرینەی توێژینەوەکاندا وەکو بابەتێکی لاوەکی یان ڕازاندنەوەی ئەدەبی لە دەقدا سەیرکراوە. بۆیە لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە ، تیشکێك بخەینە سەر ئەو لایەنەی ڕۆمان کە بایەخێکی تایبەتی هەیە .

**١-٣-ڕێبازی توێژینەوەکە:** لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەشدا : پەنا براوەتە بەر ڕێبازی تیۆری – شیکاری .

**١-٤-سنووری توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە ، کە تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا)ی (ماردین ئیبراهیم) باس بکرێت ، چۆن نووسەر لەم ڕۆمانەی دا ئەو تەکنیکەی بونیاتناوە لەداڕشتن و بەرەوپێشوەچوونی ڕووداوەکانی .

**١-٥-پەیکەری توێژینەوە:** توێژینەوەکەش لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش : بەشی یەکەم : لایەنی تیۆرییە ، تێیدا توانراوە ئاماژە بەو چەمك و پێناسە و ئەرك و جۆرەکانی وەسف بکرێت ، مێژووی لێکۆڵینەوەکان لەو بوارەدا چۆن بووە .

بەشی دووەم : کە دەبێتە تیۆری پراکتیکی ، باسی پەیوەندی وەسف بە گێڕانەوە و کەسایەتی دەکرێت و پراکتیزەکان و شیکردنەوەی ڕۆمانی ناوبرا دەکرێت بە وردی لایەنە جوانییەکانی دەرخراوە .

بەشی سێیەم : بە هەمان شێوە تیۆری پراکتیکییە ، باس لە پەیوەندی وەسف بە تەکنیکەکانی کات و شوێن کراوە،سیماکانی لەم ڕۆمانەدا بەدیارخراوە .

**١-٦-ئامانجی سەرەکی توێژینەوە :** نیشاندانی گرنگی وەسفە لە کایەی ڕۆماندا بە شێوەیەکی گشتی و لەم ڕۆمانەشدا بە تایبەتی ، کە بایەخی وەسف لە دەرخستنی تەکنیکەکانی ڕۆمان ودروست کردنی خەیاڵی فراوان بۆ ڕۆمان بەدەردەخات ، ئەمەش لە لایەنی پرکتیزەکردندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت .

**١-٧-پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:** بریتینە لە :یەکەم : ئایا بونیاتی وەسف لەم ڕۆمانەدا چۆنە ؟

دووەمیان : ئایا ڕۆماننووس تا چ ڕادەیەك پشتی بە وەسف بەستوە بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی ڕۆمانەکەی ؟

**٢- چەمکی وەسف :**

ڕوونە لای هەمووومان ،کە مرۆڤ لەکاتی گفتو گۆ و قسە و باسەکانی دا بۆ ئاماژەدان بە بیرۆکەیەك یان کەسایەتیەك یان شوێنێك یان هەر بابەتێکی گرنگی تر پەنا بۆ وەسفکردن دەبات ، بۆ ئەوەی لایەنە شاراوە و نادیارەکان بە دیار بخات و ترش و خوێیەکیش بخاتە ناو بابەتەکانییەوە .

کاتێکیش باسی ئەدەبیات و جوانییەکانی و سەرنج و چێژەکەی دەکەین ، بێ بەش نابێت لەو تەکنیکە زمانیەی (وەسف)کە کەش و هەوایەکی تر و مەودایەکی جیاواز بە بابەتی ئەدەبی دەبەخشێت ، وەك دەزانین (هەر بابەتێك بە تەواوی هاوشێوەی ڕاستیەکان بێت، پشکی لە هونەر کەم دەبێتەوە ،هەرچەندەش شانسی لە سروشت و ڕاستیەکان کەم بێت، پشکی لە وێنەی هونەری زیاتر دەبێت . بە مانایەکی تر : هەموو بەرهەمێکی هونەری پێویستە بەشێکی باشی لەسەرەوەی ڕاستیەوە بێت بۆ ئەوەی ڕەسەن بێت)(عتیق،1972، 12-13)، بۆیە لە بەرهەمی ئەدەبیدا پشکێکی زۆری خەیاڵ بەرچاو دەکەوێت ، کە وێنەیەکی نوێ و قاڵبێکی تازەیە لای خوێنەر ، جیاواز لەو ڕاستیانەی ڕۆژانە کە دووبارە دەبنەوە .

بۆیە لە بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، پشت بە تەکنیکی وەسف دەبەسترێت ، کە فەزایەکی نوێی ئەدەبی و ڕەسەنی پێ دروست بکرێت . ئەمەش وای کردووە لە فەرهەنگە ئەدەبییەکان بە شێوەی جۆراو جۆر باس بکرێت ، لەفەرهەنگی زاراوە ڕەخنەییەکانی ڕۆماندا، بە شێوە ساکارەکەی ئاماژەی بە چەمکی وەسف دراوە و دەڵێت: ((وەسف بریتیە لە نواندنی ئەو شت و حاڵەت و هەڵوێست و ڕووداوانەی ئەرك و بوونیان هەیە،لە شوێنەکەیاندا نەك کاتەکەیان . کە گێڕەرەوە دەست نیشانی وەسفکراو لە سەرەتاوە دەکات ، بۆ ئەوەی لای خوێنەر تێگەیشتن و بەدواداچوونی ئاسان بێت ، یان وەسف پاش دەخات بۆ

خولقاندنی چاوەڕوانی و شیرینکردنی بابەتەکە))(زيتوني،171،2002)، هەروا د. محسن لەباسی وەسف دا دەڵێت: ((مەبەست لە وەسف دا ڕەنگکردنی ووتاری ئەدەبییە ، دڵگیر بکەویتەوە لای خوێنەر.))(عومەر،2005، 33)، ئەمیش لە ڕێگای چەمکی وەسفەوە باسی ئەو ململانێ و لێکدانەوە جیاوازانە دەکات کەدەڵێت:(وەک لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ ڕوانینێکی زۆر لەبارەی وەسفەوە هەیە )(عومەر،33,2005)،کە وەسف بە درێژایی سەدەی پێشوو مشت و مڕی لەسەر هەبووە لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان جا لە ناو شیعر بێت یان لە ڕۆماندا یا لە دراما و هەر کارێکی ئەدەبی دا کە لە چوار چێوەی هونەردا بێت .

لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبیەکاندا بەم شێوەیە ئاماژە بە چەمکی وەسف دەدات : شێوەیەك لە شێوەکانی گووتەیە پێشبینی چۆنیەتی بوونی شتێك دەکات ، کە چێژ و بۆن و دەنگی و ڕێ و شوێن و هەستەکەی چۆن دەبێت .

- بەکارهێنانی ئەو وشەیەش شتەکان و خەڵك و گیانەوەر و شوێن و دیمەن و خوەدەروونیەکان وخوڕەوشتە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت .

- لە کەرەستە سەرەتاییەکانی وەسفیش ، وێنەگرتنی خوە هەستی و دەلالەتە بۆ میزاجی دەروونی، هەروا وەسف وا دەکات ئەو خووە هەستەوەریانە وحالەتە هەستپێکراوانە هاوشێوە بێت لای خوێنەر لە لایەنی زیندەگی و لێکچوونی بە واقیع ، وەکو ئەوەی لای نووسەر دروست بووە لەکاتی تێبینی حالەتێکی هەستپێکراو و پێگەیشتنی هەستێکدا(فتحي،1986، 406).

هەر لەبارەی چەمکەوە د.سعید علوش لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبیە نوێکاندا بە چوار خاڵ ئاماژە بە وەسف دەدات و بەم شێوەیە باسی دەکات :

1- بە پێکهاتەیەك یان گووتارێك دەگووترێت تایبەتمەندی جۆری بابەتەکان دیاربکات، بێ ئەوەی لە ئاستی دێری وورد و جیاوازەکان بوەستێت ، کە بونیاتی وەسفی هەبێت یان نا .

2- هەروا (وەسف) بەپێی پێناسینی ، کە دەچێتە ناو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ بونیاتی فەرهەنگی دا بە تەواوی مەبەست لێی کۆدی زمانی نییە ، بەڵام کار دەکات لەسەر شیکردنەوەی بابەتێك بەشێوەیەکی ڕەها لەو ناوەی کە هەڵیدەگرێت ، بە تایبەتی لە ڕوانگەی دروست بوونەوە ، بۆیە بە وەسفی ئینسکلوپیدی دەگووترێت وەسفی بابەتی .

3- مانای (وەسف)ی گێڕانەوەش : گووتەیەکە کە بوونێکی فەزایی هەیە ، کە کاتی ئاماژە پێکراو ناگەیەنێت .

4- وەسفە ئەدەبیەکان یان سیمائیەکان ، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوە دێنە ناوەوە کە گووتاری گێڕانەوە برازێننەوە (علوش،1985، 229)

ئەگەر لەسەر ئەم گووتەیەی د.سعید بوەستین ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وەسف لای ئەو لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ گێڕانەوە و گووتاری ئەدەبی دا کە بە تەواوی جیای دەکاتەوە لەو کۆدە زمانەوانیەی کە زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان وەسفی لەسەر بونیات دەنێن ، لەو ڕوانگەیەوە سەیری دەکەن .

### ٢-١-پێناسەی وەسف :

لەوانەیە کە باسی وەسف دەکرێت بە ڕێگایەکی سانا دادەنرێت بۆ ئاماژە دان و ڕوونکردنەوە لە گفتوگۆ و گەیاندنی ئاخاوتندا لە ژیانی ئاسيي مرۆڤ ، بەڵام لە دەقی ڕۆمان و گێڕانەوەدا ئاڵۆزترین شێوەی وەردەگرێت ، چونکە وا لە نووسەر دەکات بە شێوەیەکی وورد ووشە و دەستەواژەکان هەڵبژێرێت لە دارشتنی هەر ڕستە و بڕگەیەکی ڕۆمانەکەی دا ، بە شێوەیەك کە بتوانێت ئەو وێنە و ئاماژەیەی کە مەبەستیەتی بە شێوە زمانی و لە ڕێگای دەستەواژەوە بە خوێنەری بگەیەنێت ، لە هەمان کاتیش دا داهێنانێکی خەیاڵی ئەدەبی تایبەت بە دەقەکەی دروست بکات .

بۆ ناسین و بەدیارخستنی تەکنیکی وەسف لە کایەی ڕۆماندا ، لێکدانەوە و گووتەی جیا جیا بەرچاو دەکەوێت کە لە ڕوانگە و گۆشە نیگای جیاوازەوە پێناسینیان بۆ وەسف کردووە . یەکێك لە توێژەرە دیارەکانی ڕۆژئاوا (فیلیپ هامون)ە ، کە زۆر بە وردی و لە گۆشە نیگا جیاوازەکانەوە باسی وەسف دەکات ، لە بارەیەوە دەڵێت: ((وەسف هەردەم وەسفی واقیع نییە ، بەڵکو لە بنەڕەتدا پراکتیزەکردنێکە لە چوارچێوەی دەقدا))(النجمي،2000، 72) مەبەستی هامون لە هەموو دەقێکی گێڕانەوە ، کە سیمای ئەدەبی پێوە دیار بێت . (جان مولینو)ش وای بۆ دەچێت کە وەسف((گووتەیەکی دەقییە و شێوەیەکی گووتارئامێزە لە هەمان کات دا ))(عامي،2010، 26)، ئەمەش دەقی ڕۆمان و گێڕانەوە پابەند دەکات بە وەسف و چۆنیەتی ئاوێزان کردنی لەگەڵ بونیاتەکانی تری ناو دەق . لە هەمان کاتدا یەکێکی وەکو (جیرار جینێت) لە باسکردنی بۆ گێرانەوە و چوارچێوە کێشانی دەقی ئەدەبیەوە دێتە سەر وەسف و بەم شێوەیە دەیناسێنێت : ((هەموو گووتنێك چەشنەکان یان جۆرەکانی – ئەگەر بە ڕێگای تێهەڵچوون بێت یان ب ڕێژەی زۆر گۆڕاو بێت – دەست نیشان کردنی کار یان ڕووداوەکانی بونیاتان لەخۆ دەگرێت ، کەبە وردی بە گێرانەوە وەسف دەکرێن . ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە دەست نیشانکردنی شتەکان و کەسەکان دەگرێتەوە ، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا پێی دەڵێین وەسف))

(الحمداني، 1991، 78). عبداللطيف محفوظ یش لەبارەی پێناسینی وەسف دەڵێت: ((وەسف بريتيە لەو گووتارەی کە ناو لە هەموو بوونەکان دەنێت ، بۆیە تایبەتمەندی و خاسیەتێکی لە ناو پێودانەکانی هاوشێوەی خۆی و جیاواز لە خۆی پێدەبەخشێت.)) لێرەدا جەخت لەسەر تێهەڵکێشی وەسف دەکات لەگەڵ بونیاتەکانی تری (کەسایەتی،گێڕانەوە،کات،شوێن) لەدەقی ڕۆمان دا کە وەسف هۆکارە بۆ دەرکەوتن و دەست نیشانکردنیان.

لەوانەی کە خرایە ڕوو ، هەموو توێژەرەکان زۆر بە ڕوونی وەسف لە گەڵ گێڕانەوە و گەشە کردن و بەرەو پێشەوە چوونی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان پێناسە و لێکدانەوەیان بۆ وەسف کردووە ، کە ئەم تەکنیکە هاوشانی تەکنیکەکانی تر و کەسایەتیەکان دەڕوات و ناتوانرێت لێی دابڕێت و جیا بکرێتەوە .

(رولان بارت) کاتێك کە باسی (گێڕانەوە) و مێژووەکەی و جۆرەکانی دەکات ،لە چۆنیەتی بونیاتی گێڕانەوەوە دەچێتە سەر بەستنەوەی بە وەسفەوە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا دەڵێت: ((کەوا بوو دەبێت چی بڵێن لەسەر شیکردنەوەی گێڕانەوە ، بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی مليۆنان گێڕاوەدا ؟ وا حوکمدراوە بەسەری دا ، و پێویستە ، کە پەیڕەوی ئەنجامدانی هەڵێنجان بکات ، ناچارە لە سەرەتاوە وێنەیەکی نموونەیی چەسپێنراوی بۆ وەسف هەبێت ، پاشان ووردە وردە بێتە خوارەوە لەو نموونەیەوە بەرە و جۆرەکانی تر کە بەشدارن لەناوی دا و لێشی جیادەبنەوە لە هەمان کاتدا ، تەنیا لە ئاستی ئەو پێکهاتن و لێکجیابوونەوانەدا ، هەروا بە یارمەتی تاکە ئامرازی وەسف ئەو نمونەیە لە ئاستی گێڕانەوە جیاجیاکان و جۆرا و جۆری گێڕانەوەی مێژوویی و جوگرافی و ڕۆشنبیری دەوەستێت. ))(بارت و أخرون ، 1992، 10).

وەك دەبینین رولان بارت جیاوازی جۆرەکانی ڕۆمان بە تەکنیکی وەسف دەبەستێتەوە لە دیاری کردنی ئاراستەی دەقەکە ، کە پێویستە پێش وەختە نموونەیەکی چەسپاوی بۆ دابڕێژرێت ، پاشان پێکهاتەکانی تری ناو ڕۆمانەکەی بە پێی پێویست بۆ زیاد بکرێت.

### ٢-٢- وەسف لە نێوان پێویستی و جوانی دا :

جوانی ڕۆمان لەو مەودا و خەیاڵە فراوانەدا بەرچاودەکەوێت کە ڕۆماننوس لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروستی دەکات . لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك ژانری ئەدەبی وکو حیکایەت و ئەفسانە و شیعر و ڕەگەزە جیاوازەکانی فۆلکلۆر ،و هونەری تر دەبنە کەرەستەی خاوی ڕۆماننوس ، کە بونیاتی دەقەکەی پڕ بەهێز دەکات ، (هەڵبەت ئەوەی وا دەکا هەر ڕۆمانێك ببێتە ئەو پەڕی جێگەی سەرنج ، کۆمەڵێ هۆکارن ، زۆربەیان بە هۆشیاريی نووسەرەکە لە بەرهەمهێنانی دەقی رۆمانەکە بەستراونەتەوە)(یاقووب ، 2019، 8)، و سەرکەوتویی ڕۆماننوسیش لە هاوسەنگ کردنی ئەو پێکهاتانە دەردەکەوێت ، لە دەقی ڕۆماندا .

بۆ ئەم مەبەستەش پێوستی لەڕوونکردنەوەی هەر ڕەگەزێکی ڕۆمان دەکەوێتە سەر شانی (وەسف) ، چونکە لە هەر دەرکەوتنێکی کەسایەتی یان ڕووداوێك یان وەرگرتنی بابەتێکی مێژوویی یان هونەری یان ...هیتر ، خوێنەر چاوەڕوانی ئەوە دەکات ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەو بوونە بکات لەناو دەقی ڕۆماندا و مەبەستی سەرەکی لەو بوونە بزانێت چۆنە؟ و ئاماژەیە بۆ چی؟ ، بەها و هێزی ڕۆمانی سەرکەوتووش لە بەتوانایی جۆری وەسف و گەیاندنی ئەو شتانە دەبێت ، کە ڕۆماننووس بیریان لێدەکاتەوە .

لە ڕوانگەی توێژینەوە ڕەخنەییەکانەوە سەیری وەسف و پێویستی بوونی لە ڕۆماندا بکەین ، زۆر بیر و ڕای جیاواز بەرچاودەکەوێت ، کەسانێك وەکو لایەنگر و کەسانێك بە جوانیەکی زمانی بێ بەها سەیری دەکات ، لە زۆر حالەتدا وەکو قالبێکی لاسایکراوەی پێش وەختە داڕێژراو لێکیانداوەتەوە ، کە دەبێتە هۆی بێ هێزی دەقی ڕۆمان .

وەك گۆشە نیگای پۆل ڤالێری لەبارەی بوونی وەسف دەڵێت: ((بڕگەی وەسفی پێکدێت لە چەند ڕستەیەك ، کە زۆربەی کات خوێنەر دەتوانێت شوێنیان بگۆڕێت ، چونکە(گۆشەنیگای بە کەیفی خۆی دەگۆڕێت) هەروا وەسف لایەنی بیرکردنەوە تەسکدەکاتەوە لە هونەردا)) (هامون ، 2003 ،18) ، بەڕای ڤالێری وەسف بوونێکە پێشگری لە خەیاڵ دەکات ، پێیوایە کە زیادەیەکە تەنیا بۆ جوانکاری و ڕازانەوەی دەقی ڕۆمان ، ڕۆماننووس پەنای بۆ دەبات . (جون میچڵ ئادەم)یش لەبەر چوار هۆکاری گرنگ وەسف ڕەتدەکاتەوە لە ڕۆماندا کە ئەوانیش : ((وەسف بە پێناسە دەچێت ، بەڵام نا تەواوە و ورد نییە ، ... بێ سوودانە هەوڵ بۆ هاوشێوە کردنی نێوان ووشە و شتەکان دەدات . هەروا ووتاری وەسفی ، ووتارێکە بێ سەر و بەری باڵی بەسەرداکێشاوە و ناچێتە ژێر باڵی هیچ ڕێسایەکی دیاری کراو و بونیاتێکی ناسراو کەوا لە خوێنەر بکات بە ئاسانی پێکهاتەکانی بناسێتەوە و پێشبینی بە دیارکەوتنی لە شوێنی دیار بکات لە هەمان کاتی هوروژمر بۆ هێنان بۆ بەدواداچوونی خوێندنەوەو پاراستنی لەسەر پەتی پەیوەندی لە گەڵ دەق و خاوەنەکەی دا ، هەرچی چوارەم هەڵوێست و گرنگترینیانە ، لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە وەسف لای زۆرێکیان گۆڕانێکە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر و تەنیا قالبێکی ئامادەکراوەی پێشوەختەیە،لە دەستەواژەی دووبارە و ڕازێنەرەوە ، کە ڕەونەق و جوانیەکەی لە دەست داوە ))(العمامي ، 2010، 16)،لەوانەیە ئەو گووتەیە بۆ ڕۆمانی تەقلیدی زۆر ڕاست بێت ،کە بنەمای داهێنەرانەی تێدا نەبێت،تەنیا ڕووداوەکان و کەسایەتیەکانی گۆڕانکاری بەسەر دا هاتوو ، بەڵام بێ گوومان بۆ ڕۆمانێك ناتەواو دەبێت ، کە ڕۆماننووس چەند

كەرەستە و شت و رووداوێكی لێكدووری هێناوە ، وای رێكخستونەتەوە ، كەوا لە خوێنەر بكات بۆ بەدواداچوونی رووداوەكانی پاش ئەوە ، لێرەدا داهێنەری رۆمانوس بەدیاردەكەوێت ، چونكە وەك دەزانین (رۆماننووس هەندێك رووداوی ژیانی ئاسایی وەردەگرێت ، پاشان گرێیەكی رۆمانی و سەرەتا و كۆتاییەكی پێ دەبەخشێت ، بەوەش پەیكەرێكی تەواو دروست دەكات ، پەیكەرێک كە هەموو بەشەكانی بەیەكەوە لكاون و لە كایەیەكی رێك و پێكدا كاردەكەن ، كە پێكەوە هاوكارن بۆ گەیاندنی نووسەر بە ئامانجی داواكراو.) (عتیق،51،1972) .

لە هەمان كاتدا جیرار جینێت كەیەكێكە لەو توێژەرانەی بایەخێكی زۆری بە بونیاتی رۆمان و پێكهاتەكانی داوە لەبارەی وەسفەوە دەڵێت : ((گێرانەوە ناتوانێت بەبێ وەسف خۆی بونیات بنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ رێگرێكیش نییە كە گێرانەوە بە بەردەوامی لە پلەی یەكەمدا بێت . لە واقیعدا وەسف تەنیا غولامێكی پێویستە بۆ گێرانەوە ..كە گێرانەوە بەدواداچوئێكی كاتیە بۆ رووداوەكان ، وەسفیش ئەو شتانەی دەوروبەری دەگرێتەوە،یەكتری دەبڕن لە شوێندا ))(بحراوي ، 1990 ، 177) ، وەك جانێت ئاماژەی پێداوە ، گرنگی گێڕانەوە لە رێگای وەسفەوە دەبێت و پێویستی بوونی هاوشێوەیی لەگەڵ گێڕانەوەدا ، بەڵام چونكە وەسف وەكو ئەو دەڵێت خورامە و گێڕانەوە بۆتە ئاغا و هەردەم ناوی ئەو لە پلەی یەكەمدا دێت .

## ٢-٣ - جۆرەكانی وەسف :

لەبارەی جۆرەكانی وەسفەوە ، دەتوانرێت بگووترێت كە بە شێوەیەكی گشتی بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت ،(فۆنتانیێ) لەیەكێ لە لێكۆڵینەوەكانی چەند جۆرێك وەسف ئاماژە پێ دەدات كە ئەوانیش(عومەر ،2005 ، 34-35):

1- وەسفی شوێن لە دۆخی سروشتی

2-وەسفی رووداو

3-وەسفی جووڵەی رووخسار وەك ئاماژەیەك لە دەروون

4- وەسفی نەریت و ئەخلاق

هەروەها لەگەڵ ئەوەدایە كە دەشێ وەسف لەبارەی بوارێكی فیزیكی یان ئەخلاقی یەوە بێ ، دەشێ هەردووكیان تێكەڵاو بكرێن.

(فیلیپ هامون ) یەكێكە لەوانەی زۆر گرنگی بە تەكنیكی وەسف داوە و ، بە وردی لە كتێبەكەی باسی كردووە ، بەم شێوەیە جۆرەكانی دابەش كردووە (هامون ،2003، 22) :

1-وەسفی دەرەوەی كەسایەتیەكان : Prosopography

2- وەسفی ناوەوە و ئەخلاق و رەوشتی : Ethepoe

3- وەسفی بۆشاییەكان و شوێنەكان و دیمەنە سروشتیەكان : Topography

4- وەسفی كات :Chronography

5- وەسفی بوونەوەرە خەیاڵی و وەهمیەكان .

6-وەسفی دیمەن ، ئەوەش وەسفێكی زیندوی جووڵاوە بۆ كارەكان و رووداوەكان و هەڵچونەكان : hypotheis

لە بواری لێكۆڵینەوەی رۆماندا ، تاوەكو ئێستا زۆرینەی توێژینەوە ئەدەبییە رەخنەییەكان ، لەسەر ئەو دابەش كردنی (هامون) دەرۆن، بە تایبەتی لە شیكردنەوەی دەقی رۆماندا ، چونكە زۆر بە وردی ورۆونی ئاماژەی بەو وردەكاریانە داوە كە نووسەر پشتیان پێ دەبەستێت لە نووسی دەقەكەیدا

## ٢-٤ - ئەركی وەسف لە رۆماندا:

بە هۆی گرنگی و بەناو یەكداچوونی وەسف لەگەڵ تەكنیكەكانی تری رۆماندا ، بۆیە توێژەران لەسەر ئەركەكانی وەسف مشت و مڕی زۆریان هەیە، بە تایبەتی كاتێك دێنە سەر پراكتیزە كردنی لەسەر دەقە جیاوازەكانی رۆمان دا ، لە ئەدەب و دەقی ئەدەبیش ئەو جۆرە حاڵەتە شتێكی سەیر نییە ، چونكە ناتوانرێت هەموو دەقێك وەكو یەك و بەهەمان یاسا و رێسا لێكدانەوەی بۆ بكرێت ، بەڵكو دەبێت لەناوەڕۆك و بیرۆكەی سەرەكی رۆمانەوە سەیری تێروانینی نووسەر و داهێنانەكانی بكەین وەكو (فیلیپ هاموون) بوونی وەسفی بۆ سێ بنەمای سەرەكی دابەش كردووە كە ئەوانیش (هامون ، 2003 ، 16):

1- خوێنەرە ....(دەقەكەبە هەمو وشە و دەلالاتەكان وەردەگرێت)

2- ووشەكان ...(ووشەی نوێ لە دەقێكی نوێ بۆ فەرهەنگی خوێنەر زیاددەكات)

3-فەرهەنگی خوێنەر ...(کارلێکردنی ووشەکانی دەقە نوێیەکە لەگەڵ پاشکەوتەکانی پێشوو لە ووشەکانی فەرهەنگی خوێنەر ) ئەو ووشانە لە هاوکێشەیە لە پەیوەندیەکان تێکدەئاڵێن ، کە بینین روونتر دەکەن لەبارەی ئەو بابەتەوە کە دەیخوێنێتەوە یان شپرزەیی زیاتر دەکات ، لەسەر ئەو بنەمایەوە بەدواداچوونی خوێنەر دروست دەبێت بۆ دەقی ڕۆمانەکە .

ئەوەش وا دەگەیەنێت ، کە نووسەر لە گشت بەش و پێکهاتەیەکی ڕۆمان دا پەنا بۆ وەسف دەبات ، بۆیە دەبینین ئەرکەکانی لە چەند ئاستێك ئاماژەی بۆ دراوە ، بە نموونە (محمد العمامي) لەباسی ئەرکەکانی وەسف و پراکتیزەکردنیان لە دەقی ڕۆمان دا بە گشتی دابەشی دوو ئەرکی گرنگی دەکات کە ئەوانیش (العمامي ، 2010 ، 185 -209):

1- ئەرکی گێڕانەوە : کە ئەوانیش (ئەرکی فێرکردن یان هەواڵدان ، ئەرکی نواندن یان وێنەگرتن ، ئەرکی گێڕانەوە) دەگرێتەوە .

2-ئەرکی دەلالەتی کە ئەویش لایەنی زمانی دەگرێتەوە و بەو شێوەیە دابەشی کردوون(ئەرکی ئاماژەدان ، ئەرکی هێمایی، ئەرکی ڕاڤەکردن ، ئەرکی ئایدۆلۆجی یان بەهایی ، ئەرکی جوانی و ڕازاندنەوە ، ئەرکی داهێنان)

دەتوانرێت بگووترێت ، کە ئەو دابەش کردنەی عەمامی بە وردترین شێوە ڕاڤەی ئەرکەکانی وەسفی کردووە لەناو ڕۆماندا، هەروا جوانی و دلالەتە داهێنەرەکانی بە شێوەیەکی ڕوون بەدیاردەخات لە شیکردنەوەی دەقی ڕۆماندا .

توێژەری مەغریبی (عبداللطیف محفوظ) لە کتێبی (ئەرکی وەسف لە ڕۆماندا) ، ئەرکەکانی وەسف دابەشی دوو تەوەری جیاوازی دەکات ، لەو ڕوانگەیەشەوە لێکدانەوەی بۆ دەقی ڕۆمان کردووە کە ئەوانیش (محفوظ ، 2009 ، 21-66):

1- تەوەرەی سەیرکردن و تەوەرەی نووسین : کە ئەوانیشی بۆ چەند لقێك دابەش کردووە کە ئەوانە لە خۆ دەگرێت (أ-وەسف وەکو ڕاڤەکردنێکی زمانەوانی ، ب- پەیوەندی دروست بوونی وەسف بە دەلالەتەوە ).

2- پەیوەندی وەسف بە گێڕانەوەی ڕۆمانەوە : ئەو تەوەرەشی دابەشی پێنج بەشی بچوکتر کردوي کە ئەوانیش (1-ئەرکی گێڕانەوە و ئەرکی وەسف ، 2-گێڕانەوەی وەسفی ، 3- وەسفی ئاراستە کراو لە گێڕانەوە ، 4- وەسفی ئازاد، 5- پەیوەندی وەسف بە کاتەوە).

ئەم توێژەرە زیاتر گرنگی بە لایەنی وەسف و ئەو پەیوەندیە هێماییە زمانەوانیانەی داوە ، کە لە دەقی ڕۆماندا نووسەر پەنای بۆ دەبات بۆ دروست کردنی وێنەی گشتی ڕۆمانەکەی .

لە ڕاستی دا ئەرکی وەسف گرنگیەکەی لەو شوێنانە دەردەکەوێت ، کە ڕۆماننووس توانای بەردەوام بوونی قورس دەبێت لە گرێدانی پێکهاتەکانی دەقەکەی ، چونکە لە ڕۆمانی هاوچەرخدا وەسف وەکو سەربازێکی وون کاردەکات ، لە هەر شوێنێك پێویست بە خولقاندنی کەشێکی تایبەت یان خەیاڵی بکات بۆ ڕووداو یان کەسایەتی لە دروست کردنی ئاماژە و هێمای بەڵگەیی بۆ حاڵەتێکی تایبەتی وەسف بەدیاردەکەوێت ، ئەرکی پاڵپشتی و ڕێکخستنی بارێکی لەبارە بۆ ئەو مەبەستە .

### ٣-٢-١ - پەیوەندی وەسف بە گێڕانەوەی ڕۆمان :

بنچینەی سەرەکی ڕۆمان گێڕانەوەیەتی ، کە بە پلەی یەکەم دێت لە هەموو حیکایەتێکدا، یەکەم هاندەرە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان و بەدواداچوونی ڕووداوەکانی تاوەکو کۆتایی . گێڕانەوەش ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت کە بتوانێت سەرنج ڕاکێش بێت (چێژی گێڕانەوەش پەیوەندیەکی چەند لایەنە ، و ڕەهەندی جیاوازە ،کە کارلێکدەکەن لەگەڵ یەکتردا ، هەردەم لەگەڵ یەکتردا لە حاڵەتی لەدایکبوونی بەردەوامن)(محبك،2005 ، 16) ، گێڕانەوەش بریتییە لە (گێڕانەوەی ڕووداوێك لە وێنە واقعیەکەی بۆ وێنەیەکی زمانی)(قاسم ، 2004، 112)،دەبێت ئەوەش بگووترێت ڕەچەڵەکی گێڕانەوەش هەر لە کۆنەوە لە ئەفسانە و داستان و سەربوردەدا هەبووە، پاشان بە تێپەڕ بوونی کات هاتوەتە ناو جۆر جیاوازەکانی ڕۆماندا،لێرەوەیە کە گێڕانەوە و وەسفیش وەکو تەواوکاری یەکتر لە یەك کایە شان بەشانی یەکتر دەڕۆن ، تاوکو ڕۆمانەك بگەیەننە ئامانجی سەرەکی خۆی .

ئەگەر بێینە سەر ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) ،بریتیە لەو بەسەرهاتانەی کە پێنج کوڕە کورد لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا بەسەریان دێت، لەکاتێکدا کە ئەوان لە گوندێکی شاخاوی دا ژیانیان بەسەربردووە ، و زۆرینەی گەنج و پیاوانی پێگەیشتوو خۆیان شاردوەتەوە لە دەسەڵاتی حزبی بەعس کە ئەو کاتە فەرمانڕەوا بوو ، چونکە ڕۆژانە بە چەندان کوژرا و تەرمیان بۆ گەڕاوەتەوە لەبەرەکانی جەنگدا، بەڵام ئەوان قەراردەدەن کە بچن بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ پاراستنی ماڵ و کەس و کاریان ، ئیدی ڕۆماننووس ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە ، بە تایبەتی چۆنیەتی مامەڵەی حکومەتی عێراق لەگەڵ کورد و بەکارهێنانیان وەکو سووتەمەنی شەڕ ، هەروەها نەفس نزمی بەرپرسە باڵاکان لە بەرەکانی شەڕ دەگێڕێتەوە .

لەکاتێکدا بەسەرهاتەکان زۆر بە سادەیی ئەوەیە ،کە ئەوان بە پێی دور و نزیکیان لە بەرەکانی جەنگ تووشی کارەسات و مردن بوونە، و بە هەزاران ئاوات و ئامانجیان لەگەڵ خۆیاندا ناشتووە ، گێرەرەوەش کەلەژیاندا ماوە تەنیا وەکو تارماییەك لەگەڵ یادگار ناخۆشەکانی دا لە دور وڵات ژیان بەسەردەبات. بەڵام نووسەر لەڕێگای وەستانە وەسفیەکانی سیمایەکی تری بە ڕۆمانەکە بەخشیوە ، لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی دوو چیرۆکی تەواو جیاواز لە ڕووی مێژوویی و کات و شوێن و کەسایەتیەوە بە یەکەوە ببەستێتەوە

،لە سەرەتای ڕۆمان و کۆتایی ڕۆمانەکەدا، چیرۆك و بەسەرهاتی زانای کیمیاناسی عەرەبی ئیسلامی (جابری کوڕی حیان)ی باس کردووە ، کە چۆن ژیاوە ؟ و پاشان بە هۆی هێرشی دڕندانەی مەغۆل بە سەرکردایەتی تیموور لەنگ بۆ دیمەشق لەسوتان و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و گەورە و بچووك، زانا و پلەدار ، تێکدانی شوێنەکانی خوێندن و حوجرەکانەوە دەست پێ دەکات و کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێنێت .

بۆ ساتی یەکەم خوێنەر وا هەست دەکات کە دوو دەقی تێکەڵاوە و هیچ پەیوەندیەك بەیەکیانەوە نابەستێتەوە و جۆرێك لە نامۆیی دروست دەبێت، بەڵام ڕۆماننووس هەردوو بەسەرهاتەکە بەهاوشێوە دەچووێنێت بەیەکترەوە ، ئەوش لە کۆتایی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە ، پێماندەڵێت(مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەی زاڵمانەتر) وەسفی دوو سەردەمی جیاواز دەکات بە هەمان دڕندەیی ، هەمان وێرانکاری . دەبێت بڵێین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و بەستنەوەی ڕووداوەکان بە یەکترەوە ، دروست کردنی ئاماژەکانی ڕۆمانەکە ، ڕۆماننووس بە دوو ڕێگای سەرەکی تەکنیکی وەسفی لە گێڕانەوەدا بەکارهێناوە کە گێڕانەوەی وەسفی ڕۆمانەکەش لەسەر ئەو بنەمایەوە شیدەکەینەوە ، و وەسفەکانی دیاری دەکەین، ئەوانیش:

**٣-١ - وەسفی دابڕاو لە گێڕانەوە :** وەسفی دابڕاو لە گێڕانەوە ، ئەو جۆرەی وەسف لە گێڕانەوەدا (وەستانێکی تەواو بۆ گێڕانەوە دروست دەکات-لەوانەیە درێژبێت ،لەوانەشە لەچەند ووشەیەك تێنەپەڕێت- بۆ ئەوەی ئەرکێك بەجێ بگەیەنێت ،لەوانەیە سوود بە گێڕانەوە بگەیەنێت و لەوانەشە تەنیا ڕازانەوەیەکی جوان کردن بێت کە دوور بێت لە ناوەڕۆکی ڕاستەوخۆی بابەتەکە)(مشعل،2015 ، 331) ، واتا لێرەدا تەنیا شتێکی لا بە لا دێتە ناوەوە وەك وەستانێکی کاتی و هەناسە کێشانەوە بۆ گێڕانەوەی تر ،کە ئەمەش بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت :

أ- وەسفێك پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە گێڕانەوەوە هەیە: ئەو جۆرەیان لە وەسف بە شێوەیەکی کارا بەشدار دەبێت لە بونیاتنانی پایەکانی ڕۆماندا ، لە وەسفی کەسایەتی و شوێن و ڕووداو و ....هتد (کە دەتوانین ناوی بنێین وەسفی بونیاتنەر ، لەبەر ئەوەی بونیاتی گێڕانەوە توند و تۆڵ دەکات و تەواوکەریەتی )(مشعل، 2015 ، 332)،نموونەی ئەو جۆرە وەسفەش لەم ڕۆمانەدا کاتێك باسی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە کە سیامەندە دەکات ،و وەسفی ئەو ساتە هەنوکەیەی دەکات کە ڕووداوەکانی بیر دەخاتەوە ڕۆماننووس دەڵێت: (قاچە دەستکردەکەی لەو بەشەی ڕانی چەپی بەست، کە دوای بڕینەوەی قاچی مابووەوە و بە ئەسپایی هەستایە سەرپێ.جۆشی قاوەکەی خستە سەر ئاگر و لەسەر مێزەکەی بەرانبەری چاوی کەوتە سەر وێنەی سورمەی کچی ، کە بەجلی کوردییەوە سواری ئەسپەدارینەیەك ببو و بە شێوەیەکی کراوە و دڵنشین پێدەکەنی . ئەو وێنەیە لە ڕۆژێکی جەژنی ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا گیرابوو ، تاکە وێنەیەکیش بوو سیامەند دوای ئەو هەموو جەنگ و پەشێوییە بۆی مابووەوە.)(ئیبراهیم ،2019 ، 34)، باس کردنی ئەو وێنەیە و قاچی سیامەند یەکێکن لەو شتە گرنگانەی کە کەسایەتیەکی شکست و خەمباری بۆ سیامەند دروست کردووە ، هەردەم ئەو ڕوداوانەی بیردەخاتەوە کە ژیانیان گۆڕی،و ڕووداوە ناخۆشەکانی بیردەخاتەوە . پێویستە ئەوەش بگووترێت کە تەواوی بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە لەسەر لەدەستدانی کچە تاقانەکەی سیامەندە ، لەکاتێکدا کە سیامەند خۆی بەرگەی هەموو ناخۆشیەکانی شەڕ و بەرەکانی و دیلی و لەدەستدانی برادەرانی گرتبە بەهیوای ئەوەی ڕۆژێك بێ بگەڕێتەوە بە سورمەی کچی و خێزانەکەی شاد ببێتەوە .

ڕۆماننووس بە وەسفێکی تراجیدی بۆ باری ئێستای سیامەند دەریدەخات کە قوربانیدانەکەی بێ ئەنجام و بێ بەها بوو ، چونکە کۆتاییەکی تراجیدیە پێچەوانەی چاوەڕوانکراوەکان.

ب- وەسفێك هیچ پەیوەندی بە گێڕانەوەوە نییە: ئەو جۆرەیان لە وەسف وەستانێکی تەواوی وەسفیە ،(بە شێوەیەك گێڕەرەوە وەسفێك پێشکەش دەکات کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە گێڕانەوەوە نییە ، ئامانجی داهێنانە ،واتا بەکارهێنانی زمان بۆ دەرخستنی بەتوانایی یان ڕازاندنەوە یان بازدانە ،کە کاتی وەسف زیاتر دەبێت لە گێڕانەوە لەسەر حسابی کاتی ڕووداوەکە)(مشعل ، 2015 ، 339)، نمونەی ئەم جۆرە وەسفەش کاتێك سیامەند لەسەرەتادا(کەمێك پەردەی پەنجەرەکەی لادا و سەیری خۆری بێڕەنگ و بێتوانای ئاسمانی لەندەنی کرد ، کە بە زحمەتێکی زۆر خەریکی ڕاماڵینی دوا گەردی ئەو تەمە بوو ، شەوان وەك ئەختەبووت چنگ و پەلەکانی لە کۆڵانەکانی ئەو شارەی دەئاڵاند . لە پەنجەرەکەوە چەند پیرێژن و پیرەمێردێکی ئینگلیزی بینی ، بە زەمیلەی پڕ لە میوە و سەوزەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان)(ئیبراهیم ، 2019 ، 33) ،وەکو ئاشکرایە وەسفێکی ژیانی هەنوکەیی و بەردەوام و نەبڕاوەی ساتەکانی ئەو شوێنە دەکات کە سیامەند لێی دەژێت ، لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندیەکی کارەکی بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە نییە ،لەوانەشە ڕۆماننووس وەکو ئاماژەیەك بە باری دەروونی هەنوکەیی سیامەند(گێڕەرەوەی ڕوداوەکان) باسی ئەو کەش و هەوایەی کردبێت ، کە لەگەڵ ناخی مرۆڤەکە تەبا و هاویەکن. هەروا لە وەسفێکی تردا کە باسی کەسایەتیەك دەکات بە ناوی(تۆماس)کە پیاوێکی ئینگلیزە و چالاکوانێکە لەو شارەدا ،لە دژی دەسەڵاتە سیاسیە زۆردارەکان خۆپیشاندان دەکات ،یا بۆ

خرکردنەوەی کۆمەك بۆ ڕوداوە سروشتیەکان و منداڵان و مافەکانیان لە سەر جادە و بەردەم سەفارەتەکاندا کۆبونەوە و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت ، ئەمەشیان پەیوەندی بە هیچ بەشێکی ڕوداوەکانەوە نییە ، بەڵکو تەنیا دەرخستنی وەسفێکی جوانی و ڕازانەوەی جۆری کار و پیشەی خەڵکی ئەوروپی ، تا ڕادەیەك جۆرێك لە بە لاڕێ دابردنی گێڕانەوەکەیە .

**٣-٣-٢- وەسفی تێکەڵ لەگەڵ گێڕانەوە :** هەرچی ئەو جۆرەی وەسفەیە (مەبەست لێی ئەو وەسفەیە کە تێکەڵ بە گێڕانەوە دەبێت و زۆر گرانە جیاکردنەوەیان لە یەکتر، کە وەسفێك دروست دەبێت پێی دەگووترێت (وەسفی گێڕانەوە))(مشعل،2015 ، 340)، لێرەدا وەسف ئەرکی سەرەکی گێڕانەوەکە دەگرێتە خۆی و بەهیچ جۆرێك گێڕانەوەی ڕووداوەکان ناوەستێت ، واتا هەردووکیان لە حاڵەتی بزاوتن و جووڵەی بەردەوام دەبن . ئەمەشیان دەبێت بەدوو بەشی سەرەکی کە ئەوانیش :

أ-وەسفی ڕێخۆشکەر بۆ ڕووداو : کە (بریتیە لەو وەسفەی نووسەر بۆ ئاماژەدان بە سروشتی ساتە بەدوای یەکداهاتوەکان پشتی پێدەبەستێت ، یان بۆ سروشتی ڕووداوی پاشتر ، کە بە هۆیەوە کەشێکی لەبار دەرەخسێنێت بۆ ڕووداوەکە.)(محفوظ،2009، 59)، واتا ئەو وەسفەیە کەش و هەوای گونجاو دروست دەکات بۆ ڕووداوەکان و هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکان ڕوون و ئاشکرا دەکات لە ڕۆماندا .

لەم ڕۆمانەشدا ئەو جۆری وەسف زۆر بە جوانی لە مردنی یان ڕاستر بگووترێت لە زندەبەچاڵ نانی سورمەی کچی سیامەند بە ئاشکرایی دەبینرێت ، کە لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا و بە چەند شێوەیەك ئاماژەی بۆ دەکرێت ، لە یەکێکیان کاتێك کە سیامەند باوکی سورمە خەون دەبینێت بە سەرۆکەوە کە دەڵێت: (هەندێك خەون هەبوو قەت بیری نەدەچوونەوە.{شەوێکیان سەرۆکی بینی بەردێکی خڕی گرتبوو بە دەستیەوە ، کە زۆر لەو ئاسنە خرانە دەچوو ، وەرزشکارانی هەڵدانی قورسایی پێیانە و لە ژێر مانگەشەوێکی چواردەی پڕ،ئەو دەمەی مانگ گەورە و قەشەنگە ، وەستابوو. لە پڕ سەرۆك تا هێزی تیدا بوو بەردەکەی گرتە مانگ و بەردەکەی بەر مانگ کەوت . مانگیش وەك ئەوەی بەردێك بەر پارچە سەهۆڵێك بکەوێت ، ئاوا هەپروون بە هەپروون بوو.مانگ بوو بە هەزاران پارچەی جۆراو جۆر و هەر پارچەیەی بەلایەکی ئاسماندا بڵاوبوەوە و دنیا تاریك داهات}.{شەوێکی دی سورمەی کچی بینی جلێکی سپی لەبەردابوو ، لەناو سەدان بووکەشووشەی ڕەشدا دانیشتبوو}.{شەوێکی تر باڵندەیەکی زەبەلاح لە ناوەڕاستی ئاسمانی بۆرەقەلا لەنگەری گرتبوو و بەسەر گونددا دەرشایەوە .هەر ڕشایەوە هەر ڕشایەوە تا ڕشانەوەکەی بوو بە لافاو و بۆرەقەڵای بەمانگا و تراکتۆر و سەربازی هەڵاتوو و فەردەگەنم و تەلەفزیۆن و منارەی مزگەوت و قورئان و ئاش و ژن و پیاو و منداڵەوە ڕاماڵی}.ئەو شەوەش کە گوێی لە گریانی کچۆڵەکە بوو ، وایزانی یەکێکی ترە لەو خەونانە. سیامەند زۆرتر گوێی هەڵخست و دەنگەکە جارێکی تریش گۆرەپان و ژوور و هۆڵەکانی قەڵاکەی پڕکرد...)(ئیبراهیم،2019، 71-72)، ئەو وەسفە ڕێخۆشکەرە بۆ کارەساتێك کە چاوەڕوان نەکراوە لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی چووە بۆ شەڕێك کە هی ئەو نییە تەنیا بۆ ئەوەی منداڵەکەی و خێزانەکەی کە چارەنووسێکی ڕەش بپارێزێت ، هەروەها بەو هیوایەوە دەژیێت کە ڕۆژێك دا بێت چاوی بەو خونچەیە بکەوێتەوە، لە خاکی خۆیدا . ئەگەر سەیری ڕۆمانەکە بکەین بۆ لە سیامەند کە باوکی سورمەیە ،کەیکاوس کە یەکێکی ترە لە کەسایەتیەکانی ڕۆمانەکە هەمان ئەو دەنگە دەبیستێت و بانگی دەکات بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیدۆزنەوە ، دوپات کردنەوەی ئەو وەسفە لە ڕۆمانەکەدا ، پێشوەختە ئاماژەیەك بە خوێنەر دەدات کە کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوویداوە .

جوانیەکی تری ئەو وەسفەی کە ڕۆماننووس بۆ ئەو ڕووداوەی کردوە ئەوەیە ، کە دەڵێت سەیری تیووری لەنگ کە بە دڕندەترین کەسایەتی لە مێژووی ناوبانگی دەرکردوە ، بەڵام دەستی لە منداڵ و نەوەکانی هیچ یەك لە قوربانیەکانی نەدا ، بە پێچەوانەی دەسەڵاتی بەعس لەگەڵ ئەوەی قوربانی بە پیاو و گەورەکان دەدات لەهەمان کات نەوەکانیش دەکوژێت و ناسنامەیان دەسڕێتەوە.

ب-وەسفی ڕووداو :مەبەست لێی ئەوەیە (کاتێك وەسف بە تەنیا،هەڵدەستێت بە ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوە نادیارەکان و دزەکراوەکاندا لە نێو ڕستە وەسفییەکانی)(محفوظ،2015 ، 59)، واتا وەسف دەبێتە ئامرازی ڕاستەوخۆی گێڕانەوەی ڕووداوەکان . نمونەی ئەوەش لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرە قەلا لە حیکایەتێکی کۆندا) کاتێك (جابر) باسی کوژرانی مامۆستاکەی (زەیدی کوڕی سابت)دەکات زۆر بە حەسرەتە بۆ لەدەستدانی مامۆستاکەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر دەستی ئەو فێرە بنەماکانی زانستی کیمیا بووەو یەکێك بووە لەو زانایانەی سەردەمی خۆی و دەڵێت: (..تەرمەکەی سابتی زانا بە پشتا کەوتبوو بەسەر کەمۆڵەی لیمۆناد و تورەکەی پڕ لە نەوشاتر و قاپی پڕلە خوێ و زاخی جۆرا و جۆردا . تاڵانچییەکان دوای ئەوەی لە تاقیگەکەیدا هیچ شتێکیان چنگ ناکەوێت ، لەداخا سابت تیرباران دەکەن ... تەرمی سەباتم بینی چوار تیر لە سنگ و سکی هەڵچێنرابوو و بە مەزەندەی خۆم وای بۆچووم تیرەکانی زۆر لە نزیکەوە لێ درابن.)(ئیبراهیم ،2019، 19)، وەسفەکەی وەك وێنەیەکی درامای تراجیدی دێنێتە بەرچاو کە دڕندەیی لەشکر و سوپاکەی مەغۆل دەستیان لە هیچ نەگێڕاوەتەوە ، هەروەها کە باسی وێرانکاری یەکێك لەبەرەکانی شەڕ دەکات

کە لە لایەن ئێرانەوە تۆپباران دەکرێت بەبێ وەستان بەم شێوە وەسفیە ڕوداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:(.. دەنگی گرمە و ناڵەی تۆپەکان تێکەڵی هاوار هاواری سەربازانی ترساو و ئاهوناڵەی برینداران بوو.ئەو شەوە تا بەری بەیانی،تۆپەکان نەسرەوتن و هەموان دەیانزانی دوای بێدەنگبوونی تۆپەکان و لە بەرەبەیاندا هێرشی گەورەی سوپای ئێران دەست پێدەکات . هەر ئەو شەوە ئەریوان بۆی دەرکەوت کە ئەو و هاوڕێکانی بە هاتنیان بۆ سەربازی چ بڕیارێکی سەختیان داوە ...هەر ئەو شەوە لاشەی سەربازی کوژراوی بینی ، دەست و قاچی پەڕیوی بەر زەبری تۆپ و ڕاجیمە و هاوەنە قورسەکانی نیگا کرد ، چڕ بوونەوەی هەوای بە بۆنی قورسی باروت تا ئەو ڕادەیەی هەناسەدان زەحمەت دەبێت هەستپێکرد....)(ئیبراهیم، 2019، 45-46 ) ، ئەو وەسفەی کە بۆ بەرەکانی کردووە ، درێژە دەکێشێت بۆ دوو لاپەڕەیەك ، کە سەیری بکەیت ڕۆماننووس پەنای بۆ وەسف بردوە لە گێڕانەوەی هەموو بەسەرهاتەکانی ئەو ئێوارەیە کە هێرش کراوەتە سەریان ، ئەگەر بەو شێوەیەش نەبوایە ئەو چێژ و هەستە لای خوێنەر دروست نابێت بۆ باسکردنی ، چونکە گێڕانەوەش بە تەنیا دەبێتە ئامرازێکی ڕووتی بێ بەها کە تەنیا مەبەستی لێرەدا گەیاندنی هەواڵێکی ئاسایی دەبێت ، وەك ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گوێ بیستی دەبین ، لەوانەشە ئەو ئاماژەیەی نەتوانیبێت بگەیەنێت ، کە بۆ کەسایەتیەکی گەنجی وەکو ئەریوان ، بینینی وێنەیەکی سامناکی بەرەکانی جەنگ لە یەکەم ئێوارەوە زۆر ترسناك و ناخ هەژێنە ، بەوەی کە هیچ جۆرە ئەزموون و ڕاهێنانێکیان پێنەکراوە ، یان ئەوەی کە ئامادە بکرێن بۆ شەڕێکی لەو جۆرە ، تەنیا وەك چاو بەستراوێك فڕێدراوەتە بەر شەپۆلێکی بێ ئامانی ئاگرێکەوە، کە ناتوانێت تەنیا بیرێکیش لەوە بکاتەوە کە چۆن بەرگری بکات.

### ٣-٤ - پەیوەندی وەسف بە کەسایەتی لە ڕۆماندا :

ناتوانرێت باسی بەهای بیری و خەیاڵ بکەین لە ڕۆماندا بەبێ ئەوەی لە ئاست کەسایەتیەکاندا نەوەستین  و باسی چۆنیەتی هەڵسوکەوت وبیرکردنەوە و بزاوتیان نەکەین وەکو پێویست (چونکە ئەو کەسایەتیانە لە بزاوتیان و گووتنیان لە ناو کاری ڕۆماندا ، ئەو پاشخانە ئاشکرا دەکەن کە پێش وەختە بونیاتنراوە ، لەبەرئەوەی کەسایەتی نوێنەرایەتی ئاستێکی دیاری کراو یان ئاراستەیەکی ڕۆشنبیری تایبەت دەکات)(ضرغام، 2010 ، 40)، کە خوێنەر لە ڕێگای کەساتیەکانی ڕۆمانەوە ئاشنا دەبێت بە مەبەستی سەرەکی ڕۆمانەکە ، هەروەها ئاراستەی ئایدۆلۆژی دەقی ڕۆمانەکەشی لا ڕوون دەبێت وەکو میکایل باختین دەڵێت: (کاری پاڵەوان و خورەوشتەکەی ، پێوستن بۆ ئاشکرا کردنی هەڵوێستی ئایدۆلۆژیەکەی)(باختین، 1988 ،111) ، لە دەقی ڕۆمانیشدا هەروا بە سادەیی ناتوانرێت هەموو لایەنێکی کەسایەتی بزانرێت ، بەڵکو نووسەر بە پێی پێویستی لە گەڵ کات و شوێن یان ئەو ڕووداوەی کە دەیکات بەشێکی ئەو کەسایەتیە لە ڕێگای وەسفەوە بۆ خوێنەر بە دەردەخات . لە ڕۆماندا (پێشکەشکردن یان دروست کردنی کەسایەتی سەرەکی پلە بەپلە دەبێت ، لەبەر ئەوەی کرداری بڕینی مەبەستدار هەیە ، بۆ ئەوەی هەردەم خوێنەر بە ئینوێتیەوە بە دوای تەواو کردنی وێنەی کەسایەتیەوە بێت، هەرچەندە خوێنەر بەرەو پێشەوەچوو لە کرداری خوێندنەوەی)(ضرغام، 2010 ،81)، بێگومان لە دەقی ڕۆمانە نوێکاندا ئەو کارە بە تەکنیکی وەسف سپێردراوە ، ڕۆماننوس زۆربەی کات لە شوێنێکدا دەست بە دەرخستنی بەشێکی کەسایەتی دەکات ، کە خوێنەر وەکو پەزڵ لە ناو هەموو لایەکی دەقەکە بە دوای تەواوکەرە پێویستەکان (لە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ و لایەنە نێگەتیڤەکانی) و لێکدانەوەی هەڵسوکەتەکانی دا بگەڕێت ، ئەوەش بەشێکی گرنگ و پڕ بەهای چێژی ئەدەبیە لە چوارچێوەی دەقدا، دروستکردنی کەشێکی خەیاڵ و سیحراوی بۆ دەقی ڕۆمان ، دەرباز کردنی لە شێوازی تەقلیدی ڕۆمان .

بۆ ئەم مەبەستەش دوو لایەن لە کەسایەتی وەسف دەکرێت کە(یەکێکیان ئەرکی ڕاڤەکردنی دەلالەتە ، هەڵدەستێت بە ئاشکراکردنی ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ کارەکتەری ڕۆمان ،کە بەشدار دەبێت لە ڕاڤەکردنی خورەوشت و هەڵوێستە جیاوازەکانی ، ئەوەی تریان ئەرکی جوانیە کە ڕۆماننوس تیایدا هەڵدەستێت بەوەی کە خوێنەر بخاتە ناو دونیای خەیاڵی ڕۆمانەکەیەوە ، وای ئێدەگەیەنێت کە ئەوەی وەسفی دەکات لە کەسایەتی و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی ڕاستەقینەیە ) (الکساسبة،2006 ، 142) ، ئەو جۆرە وەسفەش لە ڕۆماندا جوانیەکی تایبەت دروست دەکات ، کە سەرنج و بەدوا داچوونی بۆ بکرێت لە لایەن خوێنەرەوە.

لەم ڕۆمانەدا (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کوێندا) ، لە حیکایەتی یەکەم کەسایەتی سەرەکی (جابر و باوکی)کە لە هێرشی مەغۆل ژیانیان لەبارێکی هێمنی پڕ لە گەش بینی دەگۆڕێت بۆ بارێکی شلۆقی داهاتوو خوێناوی،لە چیرۆکی دووەمیشدا پێنج کەسایەتی سەرەکینە، کە ڕووداوەکانیان بەسەردێت لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا . ڕۆماننووس بەپێی ئەو حالەتانەی کە دێنە پێشەوە ، و بەشێکی وەسفەکانی کەسایەتی بۆ ئەو ئاماژە و دەلالەتانەی کە پەیوەستە بە ڕوداوەکانەوە وێنە دەکێشێت بۆ نموونەی لە چیرۆکی یەکەم کاتێك باسی (جابر)دەکات لەسەرەتای هێرشی مەغۆلەکان بەم شێوە وەسفی دەکات کە لەسەر زاری خۆیەتی و دەڵێت: ( ... دەنگم وردە وردە گڕببوو.بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام، کەپووم وەك کەپووی بەرازەکان زەپ دەبوو.)(ئیبراهیم ، 2019 ، 9)،ئەوە سەرەتای دەستپێکی بەسەرهاتەکانی جابرە کە هەرزەکارێك بووە لەو سەردەمە، لە کۆتایی ڕۆمانەکەش بەم شێوەیە

جابر وەسفی خۆی دەکات: (من ئێستا کە ئەو بەسەرهاتانە لە حوجرەیەکی شێداری مزگەوتی حەلەبدا دەنووسمەوە ، چاوەکانم کزبوون ، پیر و زورهانم و دەستەکانم دەلەرزن ، کەچی هێشتا وەك منداڵێك تاسەی بابم دەکەم.)( ئیبراهیم ، 2019، 114)،دووحالەتی جیاوازە بەڵام ئاماژەیەکی زۆر بەهێزی دروست کردووە ، ڕۆماننووس دەڵێت ڕاستە (جابر) کوڕێکی هەرزەکاری بە توانا و خاوەن ئەزموونە،وەکو لەسەرتاوە باسی ژیانی منداڵی دەکات کە چۆن لە بیابانەکان و لەناو خێڵە دەوارنشینەکان گەورە بووە و فێری هەموو جۆرەکانی بەرگری کردنی ئەو کاتە کراوە، هەروا نەوەی کەسێکی دیاری دیمەشق و مەملەکەتی ئیسلامی بووە ، وەکو (جابر) لە وەسفی باوکی دەڵێت: (....ئەو کە خۆی نەك هەر باشترین چیرۆکبێژی دیمەشق بوو، بگرە لە سەرانسەری ناوچەکەدا و دوورتریش ، تا ئەو پەڕی مەملەکەتی ئیسلامی ناوبانگ و جێگای و ڕێگایەکی شایستەی بە ئەندازەیەك هەبوو ، زۆرجار پادشا و والی و خەلیفەکان لە بەغدا و واسیت و کوفە و حەلەب و تەنانەت لە مازەندەران و جورجان و سیستان و غەزنە و سەمەرقەندەوە دەیاننارد بە دوایدا.)( ئیبراهیم ، 2019، 9)،بەڵام لەلایەن تیمووری لەنگەوە ئازادی دەکەن،کاتێك کە باوکی لەسەری دەدرێت لەبەردەم خەڵکی شارەکە و دەینێرنەوە ، هیچ هەڵوێستێك یان ئازارێکی نادرێت .

لە بەسەرهاتی دووەم دا ، گێڕەرەوە لە وەسفێکی بۆ سوپای عێراقی دێتە سەرئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کەسایەتیەکاندا هاتووە و وەسفی ناوەوە و کاردانەوەیان بەرامبەر دەوروبەر و بەسەرهاتەکان دەکات ، کاتێك دەڵێت: (... ئەو گەوادانەی دواتر مێژووی سوپای عێراقیان نووسیەوەو گرنگترین ڕاستییان باس نەکرد ، ئەویش ئەوەبوو لە سوپای عێراق دا سەربازەکان دابەشکرابوون بەسەر دوو جۆردا ، جۆری یەکەم سەربازە زبرەکان و جۆری دووەم سەربازانی لووس . سەربازانی زبر و مووداور ، کە سیامەند یەکێك بوو لەوان، دەبوایە لە شەڕگەکاندا بکوژرێن ، بە بێنازی بکەون ، داڵ و قەلە ڕەشەکان بیانخۆن و بۆگەن بکەن ،تانکەکان بیانشێلن ، لەناو ئاگری ڕاجیمەکاندا بسوتێن ،...،یان لەباشترین دۆخدا وەکو سیامەند تا مردن ، لەگەڵ ئازار و یادەوەرییە غەمناکەکانی جەنگدا بژین. جۆری دووەمیش سەربازە لووسەکان بوون کە دەبوایە سووك و باریك لە لایەن سەرهەنگەکانەوە بگایرێن . هەموو دەیانزانی سەربازانی لاو، کە ڕۆژی دووجار ڕیش و سمێڵ و سنگ و ڕانی خۆیان دەتاشی ، بۆ ئەوە نەبوو زوو بە زوو ڕیشیان بێت و گەورە ببن و وەك ئەو زەمانە دەیانووت ببن بە پیاو ، بەڵکو دەیانوویست زوو ڕیشیان بێت و زبر ببن و لە دەست دەستدرێژی وەخت و ناوەختی سەرهەنگەکان نەجاتیان بێت. ...)( ئیبراهیم ، 2019، 59-60) ئەو وەسفەی کەسایەتیەکانی درێژە دەکێشێت بۆ ئەوەی کە چۆن و لەبەرچی سەربازان بەرەو مەرگ و بۆ بەرەکانی پێشەوە هەنگاوی خێرا و بێ بیرکردنەوە دێن ، کە وەسفەکە بۆ دوو لاپەڕەی درێژ دەبێتەوە ، گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە تەواوی ڕادەوەستێت ، ڕۆماننووس نەفس نزمی پلە باڵاکانی سوپای عیراقی و جۆری مامەڵەی ناشیرینیان لەگەڵ سەربازەکان ڕووندەکاتەوە و وێنایەکی زۆر جوانی ئەو ئازارە دەروونیەی سەربازەکان دەکێشێت ، کە هەزارجار قوورسترە لە ئازاری جەستەیی کاتێك لەبەرەکانی جەنگ تووشیان دەبێت، لە هەمان کاتدا ڕۆماننووس بەو وەسفەی کە کردوویەتی تانەیەکی ڕاستەوخۆ لە سوپای ئەو وەختەی عێراقی دەدات ، کە بە شێوەیەکی ئاژەڵ ئاسا مامەڵەی لەگەڵ ڕۆڵەکانی کردووە و ئەوەشە وای کردووە لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا شکست بێنێت .

پاشان لە وەسفی کەسایەتیەکی وەکو (لوقمان حەکیم)دا دەڵێت: (..بەسەر و سیمایەکی سافەوە، بە هەژدە ساڵ تەمەنەوە ، هەر لە نەوجەوانێکی شانزە ساڵان دەچوو. ئەو تازە بە تازە خەریك بوو تێدەگەیشت دنیا لەوە پیسترە هەر تەنیا بریتی بێت لە ڕێگای چوون بۆ قوتابخانە و گەڕانەوە بۆ لای پیرە داك و بابێك ، کە دوای سی ساڵ ژن و مێردایەتی کوڕێکی تاقانەیان ببوو ،....، بەڵام قەت هیچی دەربارەی دابەشکردنە نەفرەتییەکەی نێوان سەربازانی زبر و لووس نەبیستبوو . هەر بۆیە ئەو ئێوارەیەی سەرهەنگ عەبدولجەبار پێیوت"تۆ کوڕێکی زۆر جوانیت"، ئەو قسەی سەرهەنگ دەمر و چاوی لوقمانی لاوی پڕ کرد لە شەرم و ویقاری دێهاتییانە)( ئیبراهیم ، 2019 ، 55)، لەگەڵ وەسفی کەسایەتی لوقمان و سەر و شکڵ و شێوەی کە دەبێتە نێچیرێك بۆ پلە باڵاکانی سەربازی ، گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش بەردەوام دەبێت ، کە ڕۆماننوس وەستانی کورت کورت بۆ وەسفی ناوەوەی ئەو کەسایەتیە و بێ ئاگایی و نەزانی بە داواکەی سەرهەنگ دەردەخات ، لەپاشان توڕەیی و کاردانەوەی ئەو کەسایەتیە بەرامبەر ئەو تەشقەڵە قێزەونانەی کە سەرهەنگ داوای دەکات ، دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە هەم سەرهەنگ بکوژێت و هەم خۆشی لەناوبات ، چونکە تاوەکو نە ئەو توانای ئەوەی هەیە کە داواکاریە قێزەونەکان وەڵامبداتەوە ، نە ئەوانیش دێڵن بە ئاسوودەیی بچێت بۆ بەرەکانی پێشەوە یانیش بگەڕێتەوە هەوارگەی خۆی بۆ باوەشی دایك و باوکی.

لە وەسفی کارێکتەرێکی تری ڕۆمانەکەدا کە ئەویش (مەلیك کەیکاوس)ە ، کە یەکێکە لەو گەنجانەی بە ویستی خۆیان دەچن بۆ شەڕ و بەر لەوەی بچێت ، پەیمان بە دلبەرەکەی دەدات کە دوای تەواو بوونی شەڕ و گەڕانەوەی بۆ گووندەکەیان دەیخوازێت ،بەڵام بە هۆی بۆمبارانی ئەو چێشتخانەی کە ئەو بۆ ماوەی حەوت ساڵی ڕەبەق تێیدا دەمێنێتەوە ، ڕووخساری بە جۆرێك دشێوێت و دەگۆڕێت کە خۆشی لە خۆی دەسڵەمێتەوە ، گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی ڕووخساری دەکات : (سەر و کەلەی سووتاێك

سووتابوو کە دەموچاوی ڕێك لە پارچە لاستیکێکی تواوە دەچوو . برۆی و برژانگەکانی نەمابوون و پێلووی چاوەکانی وەك ئەوە وابوون لێکرابنەوە. چاوانی جوانی مەلیك وەك زەمانێك دەیانووت ، خوشکی خۆی بۆی حەیران دەبوو ، وەك ئەوەی دوو هەڵمات بن و بە دیوارەوە لکێنرابن ، زەق ببوون . لێوانی نازداری مەلیك داپچڕابوون ، لێوی سەرەوەی تا نزیك لووتی، کە لە ڕاستیدا لووت نەمابوو، بەڵکو دوو کون بوون و لە ژێر کونەکانەوە کۆمەڵێك دداں بە پووکێکی قاوەیی خوێن تێزاوەوە ، دەردەکەوتن . لەسەر سەرە لووسەکەشییەوە لێرە و لەوێ مووی بێتین لە ژێر پێستی لۆچبووی سووتاودا هاتبوونە دەرێ.)( ئیبراهیم ، 2019، 66)،ئەم وەسفەی درێژە دەکێشێت ، کە دیمەنی ترسناکی و شێواوی دەم و چاوی ئەو کەسایەتیە وای لێدەکات کە دوور بکەوێتەوە و نەتوانێت بگەڕێتەوە ناو ئاوەدانی و خەڵك ، باقی ژیانی لە کێو و ئەشکەوتە نزیکەکانی دەوروبەری گوندەکەی بباتە سەر ، وەکو ڕۆماننوسیش ئاماژەی پێدەدات ببێت بە مەلیکێکی بێ تەخت و تاج ، وەکو تارمایی کەسێکی نەناس ببینرێت ، ئەوەش وادەکات کە لە شەڕی ناوخۆدا لە نێو بەرە شەڕکەرەکان بکوژرێت لەبەر ئەوەی شکڵ و شێوەی نەماوە .

هەروا لە وەسفی کەسایەتیی سەرەکی کە سیامەندە و گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکی دووەمە ، ئەو کاتەی کەکڵاوەی ئەژنۆی دەپێکرێت لە لایەن سەربازانی ئێرانیەوە لە بیابانە گەرمەکانی عێراقی دا ، ڕۆماننووس وەسفێکی درێژی حاڵەتی دەروونی و ئێش و ئازاری کەسایەتیەکە دەکات ، تێکەڵ لەگەڵ ئەو بیر و خەیاڵانەی کە کەسێك لەسەرە مەرگدا وەکو ڤیدیۆیەکی کورت و خێرای ژیانی و خۆشەویستانی دێتە بەرچاوی ، کە دەڵێت: (سیامەند جار جار لە نێوان هۆشیاری و غەیبووبەدا چاوانی هەڵدێنا و سەربازانی دەبینی بە هەڵداوان ڕاپاندەکرد و پێیان دەنا بە قاچەکانیدا ، بە سنگیدا، بە دەستەکانیدا ....)( ئیبراهیم ، 2019، 65)، پاشان لە لایەن سەربازانی ئێرانیەوە هەڵدەگیرێتەوە و قاچی لەدەست دەدات ، بەو هۆیەشەوە وەکو دیلێك دەکەوێتە زیندانەکانی ئێرانەوە و شەش ساڵ بە دیلی دەمێنێتەوە . لەو وەسفەشدا نووسەر بە ڕوونی دەڵێت کاتێك کە دەکەوێت هەرچەندە عێراقی بێت و لەبەرەکانی ئەودا بجەنگێت، بەڵام کە تواناُت لەدەست دا ، هیچ دەستێك نییە ڕاستی بکاتەوە بە هاناتەوە بێت ، بەڵکو وەکو ئەو گیانەوەرە بیابانیانەی کە لە برسان و تونیەتیان گیانلەدەست دەدەن ئاوەها بەجێت دێڵن.

### ٤-١ - پەیوەندی وەسف بە تەکنیکی شوێن:

شوێن لە ڕۆماندا ،ئەو لانەیەیە کە هەموو تەکنیکەکانی تری تێدا کۆدەبێتەوە ، گرنگیشی لەودا دەبینرێت کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات ، شوێن (بریتیە لە شێوەی جیاواز و مانای زۆر لەخۆدەگرێت ، بەڵکو هەندێکجار ئەو دەبێتە ئامانجی بوونی کارەکە هەمووی)(بحراوي، 1990، 33)،وێنە کێشانی شوێنیش لە ڕۆماندا هەروا کارێکی ئاسان نییە وەك ئەوەی لە واقیعدا دەیبینین بەڵکو(دەقی ڕۆمان لە ڕێگای ووشەکانەوە شوێنێکی خەیاڵی دەخولقێنێت، کە بەهای تایبەتی و ڕەهەندی جیاوازی هەیە)(قاسم، 2004 ، 74) ،بێگومان ئەو شوێنانەی کە لە دەقی ڕۆماندا دەیبینین ، شوێنێکن کە خەیاڵی نووسەر دروستی کردوون ،زۆرجار وەکو پەیامێکی هێما ئامێز بەکاری دەهێنێت،ئەو کارەش لە دەقدا بە وەسف دەسپێردرێت ، چونکە (وەسف لە ڕۆماندا زیاتر بریتیە لە وەسفی لەوحەیەکی وێنەکێشراو ،لەوەی وەسفی واقعێکی بابەتی)(قاسم، 1990 ، 110)، کە خەیاڵ و هەستێك لای خوێنەر دروست دەکات ، بە بوونی شوێنێکی واقیعی هاوشێوە . وەسفیش(ڕەگەزێکی بنەڕەتیە لە ڕۆمان ، ئەگەر گێڕانەوە ڕووداوەکان لە کاتێکدا بگێڕێتەوە ، ئەوا وەسف وێنەی شتەکان لە شوێندا دەکێشێت ، بەڵام خۆی مەبەست نییە(واتاوەسف) ، بەڵکو بۆ دروست کردنی شوێنە لە ڕۆماندا)(محبك، 2005 ، 35) ،لە ڕۆمانی نوێدا شوێن گرنگیەکی زۆر بەرچاو دەبینێت ، بە پێچەوانەی ڕۆمانی تەقلیدی کە تەنیا پاشخانێکە بۆ جوڵانی کارێکتەرەکان ، زۆرجار ناونانی ڕۆمانەکە کە سەرەتای دەقەکەیە بە وەسفێکی شوێن دەست پێدەکات ، کە دەبێتە بناغەی سەرەکی بۆ گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان . بۆیە (ڕەنگە گرنگ بێت کە بڵێین وەسف تەنیا گوێزانەوەی شێوەکان و ڕەنگەکان نییە، وەکو ئەوەی چاو دەیبینێت ، بەڵکو بە گوێرەی گۆشەنیگایەکی دەروونی هونەری جوانیناسی دەیگوازێتەوە ، لە ڕێگای زمانەوە ، بە شێوەیەك پارمەتیدەرە لە خولقاندنی کەشێك کە کەسایەتیەکانی تێدا بجووڵێتەوە)(محبك، 2005 ، 37) . ئەوەشە وا دەکات کە سەرنجی خوێنەر زیاتر بۆ لای دەقەکە ڕابکێشێت و هەستی ئەوەی لای دروست بێت ، کە گێڕانەوەکە و شوێنەکانی تێیدا ڕوودەدەن ڕاستەقینەنە نەك تەنیا دروستکراوی دەست و خەیاڵی ڕۆماننووس بن.

بۆیە(غالب هەلسا)(محبك، 2005 ، 33 ) سێ جۆر لە شوێن دیاری دەکات ، بە پێی پەیوەندی بە ڕۆمانەوە کە ئەوانیش بریتین لە :

1- شوێنی خوازراوە(مجازي): ئەوەیە کە لە ڕۆمانی ڕووداودا دەیبینین ، بریتیە لە گۆڕەپانی ڕوودانی ڕووداوەکان ، ڕۆڵەکەی لە ڕوونکردنەوە تێناپەڕێت ، هیچ ڕاڤەیەك نییە بۆ کاریگەری کەسایەتی و ڕووداوەکان .

2- شوێنی ئەندازەیی (الهندسي):ئەوەیە کە ڕۆمان بە وردیەکی بێ لایەنە وێنەی دەکێشێت ، دوریە بینراوەکانی دەگوازێتەوە ،و لە ڕووبەرەکانی دەژییت ، و هەموو بەشەکانی دەگوازێتەوە ، بە بێ ئەوەی تێیدا بژییت .

3-شوێنێك بە وەسفێکی تاقیکراوە : لەخۆدەگرێت ئازارەکانی کەسایەتی و بیرۆکەکانی و گۆشەنیگاکانی بۆ شوێنەکە ، خەیالی وەرگر دەوروژێنێت کاتێك دێتە پێشەوە ،بەوەسفی ئەوەی شوێنێکی تایبەتی بەنرخە .

لەوەشەوە ڕۆماننووس ، کاتێك وەسفی شوێنەکان دەکات ، بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی و پەیوەندی بە ڕوداوەکانەوە ، ڕوونکردنەوەیەکی تەواو دەدات بە وەرگر بۆ ئەو مەبەستە ، کە دیمەنێکی ئاماژەیی دروست دەکات لە نێوان هەستەکانی کەسایەتی ڕووداوەکان و شوێنەکە ، چێژ و بەهای دەقەکە بەرز دەکاتەوە .

کاتێك سەیری ئەو ڕۆمانە دەکەین ،(کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) لە سەرەتاوە نووسەر بەرەو وەسفی شوێنێك ڕاتدەکێشێت کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەوە ، خوێنەر بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێ بۆرەقەڵا لەکوێیە؟ شوێنە جوگرافیەکەی؟ خەڵکەکەی چۆنن؟ زمانیان چییە؟ چیرۆك و بەسەرهاتەکانیان چی بووە ؟ ئەو حیکایەتە کۆنە چییە کە تێیدا دۆڕاون؟ ...هتد، بەو شێوەیە خوێنەر چاوەڕانی زۆر ڕوونکردنەوەی پێویست دەبێت لە ناو دەقەکەدا ، بێگومان نووسەریش بە پێی پێویست وەسفی بەشە ونەکانی چیرۆکەکەی دەکات ، وەکو پارچە ونەکانی پەزڵ دەیدات بە دەستەوە، لە وەسفی بۆرە قەڵا وخەڵکەکەی دەڵێت:(لە فیکری کەسدا نەبوو ئەو هەموو کاریگەری دەبێت بۆ سەر گوندێکی لاکەوتە و بێدەنگ و کپ و دوورەدەستی وەك بۆرەقەڵا . بۆرەقەڵاییەکان هاوینان وەکی قانگە لاشکیان لێدەهات لەبەردەم ئەو بارەشە توند و تۆزایی و غەمهێنەرەی زوو زوو هەڵیدەکرد و دار و بەرد و درەخت و خانوو و مزگەوت و سەرجەم ڕۆحلەبەرانی نوقمی خۆڵ و خاشاك دەکرد. ئەو ڕەشەبایە لە هەر شوێنێکی دنیایێ هەڵیکردبا، بۆرەقەڵای دەگرتەوە و هەر ئەوە نەبوو چینێك تەپوتۆز و گەرد و خۆڵ بنیشێنێتە سەر گەڵای درەخت و ڕوومەتی قڵیشاوی منداڵانی بێ ئایندە و کاسە و کەوچك و دەفر و ئامانی ماڵان، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا گەردی بێچارەیی دەخستە سەر دڵی هەمووان) (ئیبراهیم ، 2019، 38-39)، ڕۆماننووس لە وەسفی حاڵەتێکی کەش هەواوە کە پەیوەندی بە شوێنەکەوە هەیە ، زۆر جوان توانیویەتی هێمایەکی ڕەمزی بۆ ئەو شوێنە دروست بکات،کە هەردەم چاوی دەسەڵاتی لەسەر بووە ،بەبەردەوامی بەر لێشاوی جۆرا و جۆری بێچارەیی بووە،بۆ ئەم مەبەستەش پاساوێکی زۆر بەهێز دەهێنێتەوە کە وای کردووە ئەو خەڵکە بەو شێوەیە لەژێر ئازای بەردەوام و ڕاوەدونانی حکومەت بن،وەکو هەردەم وەکو سوتەمەنی لەم خاکە بەکاریانبێنێت ،دەڵێت: (بۆرەقەڵاییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو گوندە بچووکانە بوون ،کە لە ئەنجامی هەڵبەستنی بەنداوی کاراندۆوە کەوتبونە ژێر ئاو و حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف زەوی و ماڵە ژێر ئاو کەوتووەکانی بۆ قەرەبوو کردبوونەوە و ڕایگواستبوون و دوور لە دەڤەری خۆیان، نیشتەجێی کردبوون.ئەوانی غەریب،بەو خاك و خۆك و خەڵك و ناوچەیە ، ئێستاش لەگەڵدا بێت نەیانتوانی ببن بە بەشێك لە خەڵکی هەرێمەکە و خەڵکی دەوروبەریش نەیانتوانی ئەوان وەك بەشێك لە خۆیان قبووڵ بکەن.)( ئیبراهیم ، 2019، 39)،بنەڕەتی هەموو بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکەش بەو هۆیە دەبەستێتەوە ، کە کەسانێکی غەریبەن بەو خاکە بەچاوێکی کەمتر لە خەڵکەکەی سەیر دەکرێن ، واتا بوون و نەبوونیان وەکو یەك وایە لە هەموو سەردەمەکاندا .

وەسفێکی تری شوێن کە لەسەر زاری (جابر) ئاماژەی پێدراوە ، ئەویش بەشێکی کۆشکی (تەیمووری لەنگ)ە ، کە وەکو ئاماژەیەك بەهێز و دەسەڵاتی فراوانی بەسەرپانتاییەکی زۆری جوگرافی ، لە وەسف کردنی شتەکانی دەوروبەر و هۆڵەکەی و جل و بەرگەکەی بەدیاردەخات کاتێك بەم شێوە باسی دەکات (... تەیموورمان بینی لەبەشی سەرەوەی هۆڵێکی گەورەدا ، لەسەر کورسییەکی گەورەی لە داری ئەبەنووس دروستکراو دانیشتبوو ، کە لەسەر دەسکەکانی وێنەی ماری باڵدار و جانەوەری نیوە مرۆڤ و نیوە شێر نەخشێنرابوو. هۆڵەکەی بە چەندان چرای زیوینی ڕۆنگەرچەك ڕۆشنکرابووەوە،کە لەسەر تاقە بەرزەکان دانرابوون . تەیمووری لەنگ کراسێکی دەڵبی ئاوداماني شینی لەبەردابوو . کەوایەکی شۆڕی ڕەنگ خاکی ، کە سەر قۆڵەکانی زێرکفتکرابوو ، بەسەر شانیدا دابوو ....)( ئیبراهیم ، 2019، 25)، لەو وەسفەی بۆ شوێن ،شوێنێکی مەجازی دروست کردوو ، کە هەیبەت و دەسەڵات و ترسێك لای ئامادەبووانی کۆڕەکەی تەیموور هەبووە ، چونکە ناوبانگی ئەو سەرکردەیە زۆر پێش خۆی کەوتووە لە دڕندەیی و چاونەرسی و بێ بەزەییەتی بەرامبەر خەڵکی هەموو ئەو شوێنانەی کە دەستی بەسەردا داگرتوون.

هەروەها لە وەسفێکی تری شوێن کە دەبێتە(وەسفی تاقیکراوە)، کە بەستراوەتەوە بە هەستێکی ئازاربەشی (سیامەند) گێڕەرەوەی ڕووداوەکان ، تێکەڵ بوونی کەسایەتی و شوێن و ڕووداوەکان و کات بە یەکترەوە زۆر بە جوانی لەم پارچە وەسفیەدا بە دیاردەکەوێت کاتێك دەڵێت : (.. هەمان ئەو هەستەی هەبوو کە بیست ساڵ زیاتر بوو یەخەی بەرنەدەدا ، ئەویش هەستی غەریبی بوو . گرنگ نەبوو لە کوێی ئەم دونیایەیە... لە ماڵە کۆنەکەی دایکی بووایە لە بۆرەقەڵا ، یان لەسەربازگە تۆزاوییەکانی موحەممەرە ، لە گەراجی پاسە کۆن و ژەنگلێدراوەکانی بەغدا بووایە .. یان لە شوقەیەکەیدا لە لەندەن ، ئەو هەستە هەر لە شوێنی خۆی بوو.)( ئیبراهیم ، 2019، 33) ، بەم وەسفەی بۆ هەستی غەریبی کە ناڕەحەتیەکی بۆ کەسایەتیەکەی دروست کردووە ، ڕۆماننووس شوێنێکی تاقیکراوەی دروست کردووە ، کە وەکو بەشێك وایە بۆ ئامازەدان بەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە ڕوویانداوە ، و هەردەم لە

مێشكی كەسایەتیەكەی دوبارە و سێبارە و سەدبارە دەبنەوە ،چونكە لە یادگارەكانی دا هەڵكەنراوە بۆ هەتا هەتایە . ئەوەشی كردووەتە خاڵی دەستپێكی گێڕانەوەی ڕووداوەكانی و پێش وەختە بە خوێنەر دەڵێت هەر یەكە لەو شوێنانە بەشدارن لە دروست كردنی ئەو هەستەی كە تا كۆتایی تەمەن لەگەڵمدایە .

هەروا لە وەسفێكی تری شوێندا كە دەچێتە خەنەی (وەسفی ئەندازەیی)، كە باسێكی دەستگیر كردنی كەسایەتی(ئەریوان عومەر)ە هەڵاتوو لە خزمەتی سەربازی دا دەڵێت: (.. بە وریایی و دیقەتێكی زۆرەوە كەوتنە پشكنینی ماڵەكە،بنمیچ و ساپیتەی خانووەكە ، دۆڵابی جلەكان ، مووبەقەكە، ژێر سەلاجەكە و ناو سەلاجەكە ، ژێر فەرشە كۆنەكانی ژووری دانیشتن و خەوتن .. هەموویان سەنگ و سووژن كرد.تارێك لەوكاتەدا ،كە خەریك بوو نائومێدبن لە دۆزینەوەی كەسێك ، لەسەر عەرزی ژووری ئاودەستەكە یەكێك لە چەكدارەكان ئەو كاتەی پێیدەنا بە عەرزەكەدا ، دەنگێكی ناباوی هاتە بەرگوێ . چەكدارەكە بە هێواشی قاچی كێشا بە عەرزەكەدا و دەنگی پێی وەك دمبەیەك وابوو ، وەك ئەوە وابوو دارێك بكێشێت بە دەبەیەكی بەتاڵدا. چەكدارەكە ئەو پارچە كومبارەی لادا كە بۆ ڕێ ونكێ لەوێ ڕاخرابوو و پارچە تەختەیەكی بینی لە شێوەی سەری سندوقێكدا . دوای ئەوەی پارچە تەختەكەی لادا، كەسێكیان هاتە بەرچاو لەناو كونێكدا خۆی گرمۆڵە كردبوو . قات و بیجامەیەكی شینی كاڵی لەبەردا بوو و بەڕادەیەك پەشۆكا بوو ، لەدووری چەند هەنگاوێكەوە دەتوانرا لێدانی خێرا و شپرزەی دڵی هەست پێبكرێت.)( ئیبراهیم ، 2019، 63-64)، لەم پارچە وەسفیەی كە بە وردەكاریەوە ڕۆماننووس وێنەی شوێنی خۆ شاردنەوەی ئەریوانی كێشاوە ، گرتەیەكی زۆر جوانی درامی دروست كردووە ، كە ئەندازەی ماڵەكەی و جوڵانەوەی سەربازەكان و ترسی لە ڕادەبەدەری ئەریوان بە یەكەوە تێیدا نیشان داوە ، وەسفێكی ناوەكیشی تێدا دەرخستووە ، كە ئەریوان بۆ پاراستنی ژیانی خۆی و دوور كەوتنەوە لە مردن ، خۆی لە شوێنێكی بەر تەسكی ماڵەكەی كە وەكو قەبری مردووان وایە شاردووەتەوە بۆ دوور كەوتنەوە لە ژیانێك كە ڕۆژانە بە هەزاران مردنی تێدا دەبینێت .

**٤- ٢ - پەیوەندی وەسف بە كاتەوە لە ڕۆماندا:** كات یەكێكە لە بنەما سەركیەیەكان لە هەموو ڕۆمانێكدا (هیچ گێڕانەوەیەك بەبێ كات نابێت ، زۆر زەحمەتە ڕەگەزی كات پشتگوێ بخرێت كە كاری گێڕانەوە ڕێكدەخات ، وەكو زەحمەتی دەست نیشان كردنی ئەو شوێنانەی كە ڕوداوەكانی ڕۆمانی تێدا ڕوودەدات)(الكساسبة، 2006 ، 117)، كات لە ڕۆماندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەكانەوە هەیە ،كە پێكەوە گرێدراون ، لە دیاری كردنیشی (هەردەم دەبێت هاوشێوەیەیەك لە نێوان ئەو سێ پەیوەندیدارانە بكەین :كە كات و بزاوتن یان جووڵە و قەبارەكەی)(ریكور ، 2006 ، 29) چونكە كات لەو بنەمایانە پێكدێت.

لە دیاری كردنی كاتدا ڕەخنەگران دوو جۆرە كات دیاری دەكەن (كاتی دەرەكی(دەرەوەی دەق) و كاتی ناوەكی (ناوەوەی دەق))، دابەشی چەند جۆرێكی دەكەن ، بە پێی ڕووداوەكانی گێڕدراوە ، كاتی دەرەكی وەكو ئەوەی(عبدالملك مرتاض )(مرتاض ، 1998، 256) ئاماژەی پێدەدات دابەشی سێ بەشی پێكەوەیی دەكات كە ئەوانیش :

1-كاتی حیكایەت:واتا ئەو كاتە تایبەتیە بە دونیای خەیاڵی بۆ ڕۆمانەكە .

2-هەروا كاتی نووسینی گێڕانەوەكە : ئەوە پەیوەندی بە داڕشتن یان گەیاندنی ناوەڕۆكی دەقەكە هەیە بۆ سەر وەرەقە یان بۆ گوێگر .

3-پاشان كاتی خوێندراوە :واتا كاتی خوێندنەوەی دەقەكە .

هەرچی كاتی ناوەكی دەقەكەشە ، كە بابەتی سەرەكی ئێمەیە ، بریتیە لە (ئەو ماوە مێژووییەی كە ڕووداوەكانی ڕۆمانی تێدا ڕوودەدات ، ماوەی ڕۆمانەكە ، تەرتیبی ڕوداوەكان ، حاڵەتی گێڕەرەوە بە پێی قەومانی ڕوداوەكان ، هاوكاتی ڕوداوەكان لەگەڵ یەكتر ، یەك بەدوای یەكداهاتنی بەشەكان ،...هتد)(قاسم ،2004 ، 37) ، لێرەوە پەیوەندییەكانی كات و وەسف زۆر بە جوانی بەدیار دەكەوێت، لە پێكهێنانی دەقی ڕۆماندا ،كە وەسف وەكو ئامرازی سەحری پەنای بۆ دەبرێت لە داڕشتن و نیشاندانی كاتە جیاوازەكانی دەقەكە (كە دەتوانین دوو جۆرە وەستانی وەسفی ئاماژە پێبدەین : وەسفێك كە پەیوەندی بە ساتێكی تایبەت هەیە لە چیرۆكەكەدا ، بە شێوەیەك وەسف وەستانێكی تەواو دەبێت بەرامبەر شتێك یان ڕێكەوتەیەك یان ڕامان لە پاڵەوان خۆی، هەروا وەستانێكی وەسفی لە دەرەوەی كاتی چیرۆكەكە ، كە زیاتر بەو پشووداندە دەچێت كە گێڕانەوە هەناسەی بۆ دەگەڕێتەوە)(موسى ،1993 ، 314) ،لەو ڕوانگەیەشەوە پێویستە كاتی دەقی ڕۆمان و پەیوەندی وەسفی لە ڕێگای ئەو تەكنیكانە (پوختە ، دیمەن ، وەستان ،بڕین)ەوە، لێكدانەوەیان بۆ بكرێت ،كە جیاوازیان وا لە خوێنەر دەكات هەست بە خێرایی كات و سستیەكەی بكات لە خوێندنەوەی دەقی ڕۆماندا .

1- پوختە : لەم تەكنیكەیاندا ڕوبەری دەقەكە بچووكترە لە خێرایی ڕوداوەكە ؛واتا( بریتیە لە تێپەڕینێكی خێرا لە بەشێكی كات ، كە نووسەر بە پێوستی نازانێت بۆ خوێنەر)(قاسم ، 2004 ، 82)،كە بە چەند ڕستەیەكی كورت ئاماژەی پێدەدرێت .

2- وەستان : ئەم تەكنیكە ڕوبەری دەقەكە بێ كۆتایە و خێرایی ڕووداو دەبێتە سفر ؛(ئەوەش پارچەی نوسراوی وەسفی تەواوە، كە كات بە تەواوی دەوەستێت )(قاسم ، 2004 ، 92).

3- برین : لەمەشدا ڕووبەری دەقەکە سفرە و خێرایی ڕووداوەکە بێ کۆتاییە ؛(ئەو کاتانەیە لە چیرۆك کە نووسەر هیچ باسیان ناکات و دەیانبڕێت .)(قاسم ، 2004 ، 93).

4- دیمەن:هەرچی کاتە لە دیمەندا ڕووبەری دەقەکە گەورەترە لە خێرایی ڕووداوەکاندا ، (دیمەن دەکەوێتە ئەو ماودا کاتیە دیاری کراوە چڕانەی کە بارکراوە بە ڕووداوی تایبەتی ... خوێنەر لە دیمەندا چیرۆکەکە دەبینێت وەکو تەختەی شانۆ کە کەسایەتیەکانی تێدا دەجووڵێتەوە)(قاسم ، 2004 ، 94) ، بێگومان لێرەشدا برگەی وەسفی ڕۆڵ دەبینێت لە دروست کردنی ئەو دیمەنانەدا .

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا توێژینەوەی بۆ دەکرێت و ئاماژەی پێدەدرێت ، ئەو تەکنیکانەیە کە وەسف ڕۆڵیان تێدا دەگێڕێت و وەکو ئامرازێك بۆ دەرخستنی کاتە جیاوازەکان و ڕووداوەکانیان بەکارهاتووە ، ئەوەش لە تەکنیکەکانی وەستان و دیمەن زۆر بە جوانی دەردەکەوێت.

جوانترین نموونەش لەم ڕۆمانەدا لە تەکنیکی وەستان دا :

١- لە وەستانێکی ڕۆماننووسدا ، کاتێك (جابر) باسی کوژرانی یان ڕاستر بگووترێت کەسەردانی باوکی دەکات؛وەسفێکی درێژی باوکی و ئەحمەدی غەزنەوی فەلەکناس دەکات و کە سێ لاپەڕەی ڕۆمانەکەی بۆی تەرخان کردووە ، بەم شێوەیە وەسفەکەی دەست پێدەکات: (من بۆ ساتێکی کورت چاوانم نووقاند و کاتێك کردمنەوە ، لە گەرووی بڕاوی بابمەوە هەزاران چیرۆك دەڕژا ،لەناو سێڵاوی خوێنی گەشی باوکمەوە،هەزاران باڵندەی چیرۆك بە باڵی خوێناویەوە دەفڕین و دەهاتن لەسەر سەر و شانی من دەنیشتنەوە . هەر باڵندەیەی چیرۆکێك بوو ، هەزاران باڵندە بە ڕەنگی جیاوازەوە ، ....... ، لە گەرووی ئەحمەدی غەزنەوییەوە پێشبینییەکان دەڕژان ، پێشبینی خۆرگیران لە نەینەوا ، گێژەلووکەیەکی ترسناك لە بابل ، ژەهراوییوونی ڕوباری جەیحوون ، فەوتانی تەیموور،بڵاوبوونەوەی تاعوون لە دیمەشق و هەزاران پێشبینی دی ،..... )( ئیبراهیم ، 2019، 115-117) ، بێگومان مەبەستی سەرەکی لەم وەسفە درێژ و وردەی جابر بە دیارخستنی مێژووی ئەو کەسایەتیە ناودارانە ، بەبێ ئەوەی نرخ و بەهایان بزانرێت ، لەسەریان دراوە ؛هەروا بەشێکی زانیاری و مێژوو و بەسەرهاتەکان و پێشبینیە بە نرخەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە . بێگوومان ئەگەر سەیری ئەو ڕوداوە بکەین کە لەوانەیە لە بنەڕەتدا تەنیا لەچەند دەقەیەکی کەمدا ئەنجامدراوە ، بەڵام مەودای گێڕانەوەی لە دەقەکە دا و گرنگی تایبەتی لە لایەن نووسەر بەرەو لایەکی تری بردووە . هەروا لە دۆزینەوەی تەرمی کچەکەی سیامەند دا وەستانێکی تەواوی ئەو کاتە نیشان دەدات کە ڕۆماننووس وەسفێکی ناخ هەژێنی ئەو هەموو بێ ئومێدیەی کەسایەتیەکان و هیوا و ئاواتە وونەکانیاندەکات لەژیان و مەرگدا . بە خەیاڵێکی فراوانەوە وەسفی پاکی و بێگەردی تەرمی ئەو منداڵەی کردووەتە ڕەمزی هەزاران منداڵی تری هاوشێوەی کە ئەو کاتە لە جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا وون بوون و کوژران .

٢-لە بونیاتانی کات و دروست کردنی دیمەنیش دا، دەتوانرێت بگووترێت کە خۆکوشتنی لوقمانی حەکیم و وەسفی کات و ڕووداوەکان کە دەقە بەدەقە بە شێوەیەکی درامی باسی دەکات ، نمونەیەکی بەرچاوە لەو دیمەنانەی کە ڕۆماننووس سورە لە سەر ئەوەی دیوی ناوەوەی کەسایەتیەکەمان نیشان بدات ، چۆن گەیشتووەتە ئەو حاڵەتەی وای لێ بکات خۆی بکوژێت ، کە ئاماژە و مامەڵەی سەرهەنگ لەگەڵی و چەك کردنی بۆ ئەوەی بیر لە خۆکووشتن یان کوشتنی بەرامبەری نەکاتەوە هەمووی ڕێگا خۆشکەرێکن بۆ ئەوە دیمەنەی کە کاتی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن ، بەم شێوەیە دیمەنەکەی دەست پێدەکات کە دەڵێت: (سەعات دوانزە و بیست دەقەی شەو سەرهەنگ عەبدولجەبار خۆی کرد بە ژوورە بچووکەکەی تەنیشتیدا ، کە لوقمان حەکیمی لێبوو . فانیلەیەکی عەللاگە و شۆرتێکی قاوەیی ڕێڕێی لەبەردابوو . ورگی وەك ورگی کەرکەدەنێکی ئاوس بۆ پێشەوە هاتبوو . بەو نیوەشەوە لە سەر شۆرتەکەیەوە نیتاقێکی عەسکەری بەستبوو و هێندەی دی ناباو دەهاتە بەرچاو.....)( ئیبراهیم ، 2019، 87-88)، ئەو دیمەنەی درێژە دەکێشێت بە گفتو گۆی نێوان سەرهەنگ و لوقمانی حەکیم تاوەکو لوقمان خۆی وەکو ڕازی بوونێك سەر دەلەقێنێت بۆی وەکو ڕۆماننووس نیشانی دەدات کاتەکە دەگاتە (سعات یەك و سی و شەش دەقەی شەو) ، ڕۆماننووس ئەو دیمەنە دەپچڕێنێت ، و دەچێتە سەر باس و خواسی کەسایەتیەکی تر ، پاشان بۆی دەگەڕێتەوە ، وا نیشان دەدات کە گرتەیەکی دراميیە لەو شوێنەی کە خوێنەری تێدا بەجێهێشتوە بەم شێوەیە دەست پێدەکاتەوە : (سەعات یەك و سی و شەش دەقەی نیوەشەو لوقمان حەکیم بە هەموو توانای خۆیەوە،چەقۆیەکی ڕاوەشاند و دای لەسەر دڵی سەرهەنگ عەبدولجەبار . ... سەرهەنگ دەمی کردەوە و وەك ئەوەی بیەوێت شتێك بڵێت ، بەڵام لوقمان دەرفەتی پێنەداو بە تووڕەییەکی بێهەوسارەوە چەقۆیەکی دیکەی ئاراستەی لاملی کرد .ئەو لێدانەی بە ئەندازەیەك بە زەبر بوو ، کە بەشێکی دەسکی چەقۆکەش نقومی ناو ملی سەرهەنگ بوو و قرخەقرخێکی ناخۆش لە قورگییەوە هات .... کاتژمێر یەك و سی و هەشت دەقە ، ئەو کاتەی لوقمانی حەکیم لەسەر قەروێڵەکەی و لە نزیك تەرمی سەرهەنگەوە دانیشتبوو ، هەستی بە تامێکی زۆر تاڵ کرد لە دەمیدا ، ڕێك وەك ئەوەی زراوی مانگایەکیان لە زاریدا تەقاندبێت . ژانێکی لە پشتی سەریدا هەستپێکرد و بە بۆنی خوێنی سەرهەنگ و هەستکردن بەو ساتە ڕەشەی تێیکەوتووە ، دەڵی

تێكهەڵات.( ئیبراهیم ، 2019 ، 89- 90)، لێرەوە دیمەنەكەی تەواو نابێت بەڵكو چەندجارێكی تریش دەپچرێت و ڕۆماننووس بۆ دەگەڕێتەوە ، وەك لە لاپەڕەی (91)بە سەعات یەك وسی ونۆ دەقەی دوا نیوەشەو دەست پێدەكات كە كەسایەتیەكە دەكەوێتە حاڵەتی بیركردنەوەی پێش مەرگ و بیر لە ڕابردووی خۆی و ماڵ و گوندەكەی دەكاتەوە، هەروەها نیشانی خوێنەری دەدات كە ئەو ڕووداوە تا چەند ئەو كەسایەتیەی گەورە كردووە ، پاشان لە لاپەڕەی (93)دا بە سەعات یەك و چل دەقەی دوای نیوەشەو دەست بە بەشێكی تری بیر كردنەوەی كەسایەتیەكەی وەسف دەكات ، و پرسیاری ئەوەی لا دروست دەكات كە چی بكات ؟ وەسفی هەمووئەو گریمانانە دەكاتەوە ، كە لەوانیە ئەگەر خۆی بە دەستەوە بدات بەسەری بێت، بۆ ماوەی سەعاتێك وەكو لە دیمەنەكەدا ئاماژەی پێكراوە بەو شێوەیە دادەنیشێت لەگەڵ تەرمێكی ساردەوەبووی بەرپرسێكی باڵا ، وەسفی ئەو ترس و دڵەڕاوكێیەی دەكات كە دەیگەیەنێتە حالەتێكی وا دەست بۆ دەمانچەكەی سەرهەنگ ببات لە كاتژمێر دوو و نیوی شەو و خۆی بكوژێت بۆ ئەوەی نەجاتی بێت لەو بەڵا چاوەڕوانكراوانەی كە لەوانیە بەسەری بێت ئەگەر ڕابكات یان بگیرێت یان خۆی بەدەستەوە بدات .

دەبێت بگووترێت كە ڕۆماننووس لە وەسفی كات و دەرخستنی دیمەنە جیاوازەكانی دا زۆر سەركەوتوانە ، توانیویەتی تەكنیكەكانی كات بەكاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەكی ڕۆمانەكەی .

## ٥-ئەنجام

1- وەسف لە بونیاتی ڕۆمانی نوێدا پێویستیەكی سەپێنراوە ، گرنگی بوونی لە هیچ یەكێك لە تەكنیكەكانی تر كەمتر نییە ، چونكە وەسف وەكو سێبەر وایە بۆ هەموو بونیاتەكانی تری ڕۆمان و بەبێ ئەو جوانییەكانی ڕۆمان بەدەرناكەوێت .

2- ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ، سەركەوتووانە توانیویەتی بونیاتێكی بەهێز بۆ وەسف دروست بكات ، كە دەلالەت و ڕەمز و ئاماژەی بەهێزی بۆ هەر یەكە لەو تەكنیكە ئەدەبییانەی تری ڕۆمانەكە بونیات بنێت ، جیاوازی بیروڕا و لێكچوون و دژیەكی ئەو دوو چیرۆكەی كە هەڵبژاردووە لە ڕێگایەوە دەربخات .

3- لە بونیاتی ئەم ڕۆمانەدا (كە وەكو ڕۆمانێكی مێژوویی سەیر دەكرێت ، كە شەڕی نێوان ئێران و عێراقە) ، وەسف و گێڕانەوە شان بە شانی یەكتر كاریان كردووە، كە كۆمەڵێك ئاماژە و ڕەمزی تایبەتیان دروست كردووە . بەسەرهات و ڕووداوەكانی ئەو كەسانە ڕەنگدانەوەی هەزاران چیرۆكی تری هاوشێوەی ئەو كاتەیە .

4- جوانییەكانی وەسف زۆر بە ڕوونی لە هەست و هەڵوێستەكانی كەسایەتیەكانی ناو ڕۆمانەكە بەدیار دەكەوێت، كە وەسف وەكو ئامرازێكی كارا بەكارهاتووە لە دەرخستنی بیركردنەوەی كەسایەتی و لێكەوتەكان .

5- لە وەسفی شوێندا سەركەوتوانە شوێنی بە ڕووداو و كارەكتەرەكانەوە بەستۆتەوە ، كە بونیاتی ڕۆمانەكەی بەهێز كردووە ، بە جۆرێك شوێنەكانی لە ڕاستیەكی پەتی نزیك كردووەتەوە.

6 -لە وەسفی كاتیشدا ، ڕۆماننووس توانیویەتی داهێنەرانە كۆمەڵێك دیمەن و وەستانی جوانی كاتی ، دوو مێژوو و دوو كاتی جیاواز بە یەكترەوە ببەستێتەوە كە مەودای نێوانیان یەكجار زۆرە .

## ٦- لیستی سەرچاوەكان –


### سەرچاوە كوردیەكان :

-یاقووب : عەلی عوسمان : 2019: ڕۆمان (ژانری تەكنیكە جوانەكان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەكان ): بەرگی یەكەم :چاپخانەی سەردەم: سلێمانی .

-ئیبراهیم : ماردین : 2020:كەوتنی بۆرەقەڵا لە حیكایەتێكی كۆندا: ڕۆمان: چاپخانەی ئەندێشە:چاپی چوارەم: سلێمانی .

### سەرچاوە عەرەبیەكان :

- قاسم : د.سیزا : 2004:بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ):مكتبة الاسرة – مهرجان القراءة للجميع: قاهرة-مصر.

- الحمداني : حميد : 1991:بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي:الطبعة الاولى: المركز الثقافي العربي:بيروت .

- بحراوي : حسن : 1990:بنية الشكل الروائي:الطبعة الاولى: المركز الثقافي العربي:المغرب .

- الكساسبة : د. عبدالله مسلم : 2006:تجربة سليمان القوابعة الروائية:دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع:الطبعة العربية: عمان-الأردن .

- موسى : ابراهيم نمر: تاريخ:1993/3/1:جماليات التشكيل الزماني و المكاني لرواية-الحواف :مجلة فصول:عدد: 2:الهيئة المصرية العامة للكتاب .

- ريكور: بول : 2006:الزمان و السرد (الزمان المروي):ت:سعيد الغانمي :جزء الثالث :دار الكتاب الجديد المتحدة:الطبعة الاولى:لبنان – بيروت .

- النجمي : حسن : 2000:شعرية الفضاء:الطبعة الاولى:المركز الثقافي العربي:الدار البيضاء- المغرب .

- بارت : رولان و آخرون : 1992:طرائق تحليل السرد الأدبي (دراسات):الطبعة الاولى: منشورات اتحاد كتاب المغرب -سلسلة ملفات 1: الرباط-المغرب .

- ضرغام : عادل : 2010:في السرد الروائي:الدار العربية للعلوم ناشرون:الطبعة الاولى: منشورات الاختلاف:الجزائر العاصمة – الجزائر .

- هامون : فيليب : 2003:في الوصفي:ترجمة: سعاد التريكي: الطبعة الاولى :بيت الحكمة :قرطاج .

- عتيق : د.عبدالعزيز : 1972:في النقد الادبي:الطبعة الاولى:دار النهضة العربية:لبنان .

- مرتاض : عبدالملك : 1998:في النظرية الرواية(بحث في تقنيات السرد): عدد-240 :عالم المعرفة:صدرت السلسلة في ديسمبر: سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون والآداب – الكويت.
- باختين: مخائيل : 1988:الكلمة في الرواية:ترجمة: يوسف حلاف:الطبعة الاولى: منشورات وزارة الثقافة السورية: سوريا. محبك: د.احمد زياد : 2005م :متعة الرواية (دراسة نقدية منوعة): الطبعة الاولى :دار المعرفة :بيروت –لبنان. مشعل : د.نداء احمد : 2015:الوصف في تجربة ابراهيم نصرالله الروائية: وزارة الثقافة: الطبعة الاولى: عمان – الاردن .
- نجيب: محمد : 2010:الوصف في النص السردي بين النظرية و الإجراء:الطبعة الأولى :دار محمد علي للنشر : تونس .
- العمامي: عبداللطيف محفوظ : 2009:وظيفة الوصف في الرواية: الطبعة الاولى :الدار العربية للعلوم ناشرون:منشورات الاختلاف:الجزائر العاصمة – الجزائر .

**فەرهەنگە كوردی و عەرەبییەكان :**

- كەریم: ئامادەكردنی : رزگار : 2010:فەرهەنگی دەریا (عەرەبی-كوردی):بەرگی یەكەم:چاپی دووەم:چاپخانەی مەهارەت:تهران .
- كەریم: ئامادەكردنی : رزگار: 2010:فەرهەنگی دەریا (عەرەبی-كوردی):بەرگی دووەم:چاپی دووەم:چاپخانەی مەهارەت:تهران .
- عومەر : د.محسن ئەحمەد : 2005:فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی:چاپی یەكەم: بڵاوكراوەی ئاراس: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس: هەولێر .
- علوش : عرض و تقديم و ترجمة:د.سعيد : 1985م :معجم المصطلحات الأدبية المُعَاصرَة:الطبعة الاولى :دار الكتاب اللبناني: بيروت –لبنان .
- زيتوني : د.لطيف : 2002:مٌعجم مٌصطلَحَات نقد الروَايةَ (عَربي – إنكليزي - فَرَنسي): الطبعة الاولى: دار النهار للنشر: لبنان.
- فتحي : إعداد : إبراهيم : 1986:مُعجَم المصطلَحات الأدبية :المؤسسة العربية للناشرين المتحدين: الطبعة الاولى: لبنان .

**البنية الأدبية للوصف في الرواية (سقوط قلعة الرمادية في حيكاية قديمة)**

**شياو رشيد ابوبكر**
قسم نظم المعلومات الأدارية / معهد اربيل التقني الاداري /جامعة اربيل التقنية
Sheyaw.abubaker@epu.edu.iq

**الملخص**
تهتم هذه الدراسة المسمى بـ (البنية الأدبية للوصف في الرواية (سقوط قلعة الرمادية في حيكاية قديمة)) بالتقنية الوصفية واهميتها في البنية الروائية، فاتبع المنهج النظري التحليلي، حتى يبين كل تقنيات الأدبية وعلاقاتها بالوصف في هذه الرواية، التي تعد احدى الروايات التاريخية التي استخدم الكاتب فيها تقنية وصفية بشكل مبتكر وابداعي حتى يبين خفايا الحوادث التاريخية، ومن خلالها أُمتُزجة قصتان تاريخيتان بشكل رائع حتى يشكل صورة دلالية لمعانات الشعب العراقي في الزمن حرب بين العراق وايران، وفي هذا الصدد نقسم البحث الى الثلاثة فصول، أما الفصل الاول فقد تطرق الى تقنية الوصفية بشكل عام وتتضمن معنى الوصف من حيث المصطلح والتعاريف المتعددة، وانواعها في الرواية ووظيفتها في البنية الروائية بشكل عام، ويتناول الفصل الثاني التحليلات الوصفية للحدث والشخصيات في هذه الرواية، واما الفصل الثالث فيتضمن العلاقة بين الوصف و(المكان والزمان) في هذه الرواية وتحليل الدلالات التي أشير اليها.

**الكلمات المفتاحيية** : الوصف، السرد ، الوصف الشخصية ، الوصف المكان ، الوصف الزمان .

**The Literary Structure of Description in the Novel (The Fall of Gray castle in the ancient Tale)**

**Sheyaw Rasheed Abubaker**
Information management system /Erbil Technical
Administration institute/Erbil Polytechnic university
Sheyaw.abubaker@epu.edu.iq

**Abstract**
The research called (The Literary Structure of Description in the Novel (The Fall of Gray Castle in the ancient Tale)) followed the analytical theoretical approach, in order to show all the literary techniques and their relationships to description in this novel, which is one of the historical novels in which the writer used a descriptive technique in an innovative and creative way in order to show The secrets of historical events, through which two historical stories were blended in a wonderful way until it forms an indicative picture of the suffering of the Iraqi people during the time of war between Iraq and Iran. In this regard, the research was divided into three chapters. The first chapter touched on the descriptive technique in general and includes the meaning of description in terms of the term. The multiple definitions, their types in the novel, and their function in the novel structure in general. The second chapter deals with the descriptive analyzes of the event and characters in this novel, and the third chapter includes the relationship between the description (place and time) in this novel and the analysis of the connotations that were referred to.

**Keywords:** Description, narration, character description, description of place, description of time.